بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی سێهەم، ژمارە (53) 1/6/2019 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت

## پیرۆزبێت ڕۆژی جیهانی منالآن!

**دۆسیەی ژمارە: ڕۆژی جیهانی منالآن...**

بـۆئەوەی ئـازادیـخـوازی هەر کەس، چ تاك، چ حیزب وە چ دەوڵەت، باشتر بناسین ئەبێت بەر لەهەر شتیك سەیری ڕەفتاریان بکەین لەگەڵ منداڵاندا- مەنسور حیکمەت

# میلیتاریزەکردنی ناوچەکەو هەڕەشەکانی ئەمریکا لە ئێران هەڵگری پەیامێکی قوڵە و ڕیشەی لە ململانێیەکی فراوانتری جیهانیدایە!

## وتەی ژمارە

ئەم چەند هەفتەیەی دوایی گرژییەکانی نێوان ئەمریکاو ئێران بەرەو هەڵکشانێکی ترسناک لەناو دۆخی ئالۆزکاوی ناوچەکەدا، ڕۆشتووە. ئەمریکا هێزو جبەخانەیەکی زۆری هێناوەتە ناوچەی کەنداو و هەڕەشەی هەڵبەزو دابەزیش بەردەوامە. لەبەرامبەردا ئێرانیش ئامادەکارییەکانی خۆی چ لەئاستی ئێران و چ لەو وڵات و ناوچانەی پێگەی خۆی هەیە، ڕەوتگەلی سیاسی سەربەخۆیی خۆی سازداوە... ئەم بەرامبەرکێ و ئامادەییە سەربازییە، و میلیتاریزەکردنی ناوچەکە تارمایی جەنگێکی کۆنەپەرستانەی بەسەر سەری خەڵکی ناوچەکەدا ڕاگرتووە.

ئەگەری جەنگ و لەوەش زیاتر ڕوخاندن جمهوری ئیسلامی ئێران، ئەگەرێکی زۆر لاواز و وەکو کارێکی نەکردە دێتە بەرچاو، بەڵام وەشاندنی گورزی سەربازی لەچەند پێگەیەکی ئێران ئەگەرێکی دوور نییە و هاوکات هەڵگری پەیام گەلیکە کە ئالۆگۆری زۆر لەسەر ئاستی دنیاو ناوچەکە بەدوای خۆیدا کێش دەکات...

ئەمریکا بەرنامەی جەنگ یان گۆڕینی کۆماری ئیسلامی ئێرانی نییە. لە توانای ئێستای ئەمریکاشدا جیگایەک بۆ وەها نەخشەیەک نییە، بەڵام ئەوە هەرگیز بەو مانایە نییە، کە ئەمریکا دەست نابات بۆ وەشاندنی گورزی سەربازی و سنووردار.

داکشانی پێگەی ئەمریکا لە باری سیاسی و سەربازی و ناکامی دەستێوەردانەکانی لەئاستی دنیاو ناوچەکەدا، لە عێراقەوە بۆ سوریا، تا دەگاتە فەزویلا... تاد حاشاهەڵنەگرە. ئەزمەی ئابوری کە لەساڵی ٢٠٠٨ وە دەستی پێکردووە، قورگی سەرمایەی ئەمریکای گرتووە و لەبەرامبەر بە هەژموونی ئابوری چیندا دەناڵێنی.


دوبارە سەربەرزکردنەوەی ڕوسیا، ئامادەیی لەزوربەی زۆری پەروەندەکانی دنیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و گەڕان بەدوای کەناڵی تردا تا ئامادەیی خۆی تیا دەربخات و بخاتە روو، ڕاستیەکی تر و سەرچاوەیەکی تری نیگەرانی ئەمریکایە.

هەرەشەکانی ئێستای ئەمریکا لە ئێران، هەڵگری پەیامێکی قوڵ و ڕیشەی لە ململانێیەکی فراوانتری جیهانیدایە لەگەڵ روسیای دوبارە گەڕاوە ئامادە بۆ بەرامبەرکێییەکی ئاشکرای لەگەڵ ئەمریکاو ئامانجەکانی لە زەمینەی سیاسی و سەربازی و دەستوەردانی ڕاستەوخۆ یان نیابەتیدا... وە هاوکات وەسانەوەو هەرەشەیەی ئاشکرایە لە چین، کە لە جەنگی ئابوری و بازرگانیدا کە گەروی ئابوری و بازرگانی ئەمریکای گرتووە.

ئەمریکا لەژێر ناوی ریگەگرتن لەوەی ئێران دەستی

بۆ لاپەڕە ٢



هۆمەر قەرەداغی


مریەم عەبدولرەحمن

بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی منالآنەوە، لەسەر هەلومەرجی ژیانی منالآن،مافەکانی منالآن، کاریگەری پەروەردە، ڕۆڵی دەوڵەت و خێزان، لایەنی سلبی بەشداری منالآن لە سیاسەتدا، ... بۆ بۆپێشەوە دەدوێن ...

لاپەڕە 11_12_13_14


کامەران لەتیف


جیهاد محەمەد

## بێدەنگی لەبەرامبەر هێرشەکانی یەکێتی نیشتیمانی بۆسەر جوڵانەوەی نەوەی نوێ پشتگیرییە لە سەرکوتی ئازادی و ئازادییەکان...ل3

## قەیرانی حکومەتی بەریتانیا و دەست لەکارکێشانەوەی تیریزا مەی ل3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:

* قوربانیانی توندوتیژی و نامووس پەرستی...........................ل2
* هێزەکانی ئازادی گۆڕان لە سودان براوەی مانگرتنی گشتین..............ل4
* سەندیکاکان ئالا بۆ فرەیی و یەکسانی و شکۆی کرێکار بەرزدەکەنەوە ...ل4
* مافەکانی منالآن- لە بەرنامەی دنیایەکی باشترەوە.........................ل9

## ئازادی بیروڕا بەمەرجی نەبەزاندنی سنوری پیرۆزییەکان...ل 5

## نان، کار، ئازادی، حکومەتی شوراییی...ل10

## هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان....ل8

## دیمانە لەگەڵ مەنسور حیکمەت سەبارەت بە مافی منالآن ل9

گۆشەی ئەدەب و هونەر

لاپەڕە 7-6

## وتەی ژمارە

بەچەکی ناوکی و ئەتۆمی بگات و بەپاساوی ڕاگرتنی دەستێوردانەکانی ئێران لە ناوچەکەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدژ ویستەکانیدا، ڕووبەڕووبوونەوەی خۆی لەگەڵ ئێران رەوایەتی پێدەدات، هاوکات دەیەوێت یەکێک لەسەرچاوەو شادەماری وزە و نەوتی ئێران لە چین ببڕێت... بەڵام لە سنور دەرچوون بەرامبەر بە ئێران کارەساتی بەدواوەیە. روسیا ئامادەییە ئەو هەلەش بقۆزێتەوە و لەژێر ناوی بەرژەوەندیەکانیدا ئامادەیی سەربازی لەناوچەکەدا پەرەپێبدات، چین چاوی بڕیوەتە سەرەڕۆیەکی سەربازی ئەمریکا تا خوێن بەربوونی ئابوری ئەمریکا زیاتر بێت.

بەجیا لەهەموو ئەمانە، چۆن جەنگی ئەمریکا لەدژی عێراق سەرباری سەرکەوتنی سەربازی و روخاندنی رژێمی سەدام حسێن وەکو ئەفغانستان پارویەکی ئاسان و مەیدانێک بۆ سەرکەوتن و بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکانی نەبوو، ئەوا ئێرانیش نەک گۆرەپانێک بۆ ئایندەی ئەمریکا و دەستراگەیشتن بە بەرژەوەندیەکانی نییە، بەڵکو ترسناکترین مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەیە. ئێران نە ئەفغانستانە و نە عیراقیشە. ئەفغانستان دوور لەهەموو بنەماکانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و پێگەی زاڵی رەشترین دەسەڵاتی ئیسلامی قاعیدەو تاڵیبان بوو، وە عیراق بە پاساوی پەیوەندی لەگەڵ قاعیدەو بوونی چەکی وێرانکەرو ناوکی توانرا رای گشتی لەناوخۆی ئەمریکای و دنیادا بۆ هێرش کردنە سەری دابرێژرێت... هاوڵاتیانی ئەفغانستان و عێراق و تەنانەت هێزە سیاسیە نەیارەکانیان، نەک ئەکتیف و لە مەیداندا ئامادەییان نەبوو، بەڵکو لە تونێلێکی داخراودا گیر داربوون و ئاسۆیان داکوژابوو. باڵانسی هێز بە تەواوەتی لەدژی بزوتنەوەی نارەزایەتی و هاوڵاتیانی تورەو و حزبە سیاسیە نەیارەکانی دەسەڵات بوو. ئەمریکا بۆ جەنگ لەدژی ئێران بەجیا لە لاوازبوونی باڵانسی هێزی لەبەرامبەر رەقیبەکانیدا لە لەئاستی دنیا و ناوچەکەدا، وە بەجیا لە دارمان و ئەزمەی ئابوری، وە بەجیا لە ناڵاندنی بەدەست ناکامیەکانی کە عیراق و پاشان سوریا و لەم دوایانەشدا لە فەنزەویلا... ڕووبەڕووە لەگەڵ پاساوەکانی خۆیدا، ناکامە لە هەڵخراندنی ڕای گشتی شەقامی ئەمریکادا، بێ توانایە لە کۆکردنەوەی رای گشتی دنیا، لە سازدانی بلۆکی هاوپەیمانیەتی فراوان لەئاستی نێودەوڵەتیدا لە ئێستادا لە سفر نزیکە... لەهەموو ئەوانە واوەتر ڕووبەڕووە لەگەڵ رژێمێک کە باڵانسی هێز لە ناوخۆی ئێراندا بە سودی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و کرێکارییە... لەچەند ساڵی رابردودا تا هاتووە لە ئاکامی ئامادەیی بەردەوامی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و کریکاریی باڵانسی هێز بە سودی بزوتنەوەی کریکاریی و جەماوەری گۆڕاوە، و تاهاتووە دەسەڵاتی ئاخوندکانی ئێران و پایەکانی دەسەڵاتدارێتی شل بۆتەوە. ئەم بزوتنەوەیە و ئامادەیەکەی دیاردەیەکی حاشالێنەکراو جێگائومیدی ئایندەی کۆمەڵگەی ئێران و تەنانەت ریزی بلۆکی هۆشیاری ناوچەکەشە. ئەم فاکتەرە چارەنووسازترین پۆینتی ڕووداوەکانی ناو ئێرانە. ڕاستە هەرەشەی جەنگ و جەنگ هۆکارێکی سەرەکی پاشەکشەکردنی کۆمەڵگەیە لەهەموو بوارەکانی ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی و کەلتوری و سەرچاوەو ژینگەی پێگرتنی رەوتی دواکەوتوو کۆنەپەرستە، لە ئێران و ناوچەکەدا، بەڵام لە ئامادەیی بزوتنەوەی نارەزایەتی کرێکاریی و جەماوەرییدا، هەرەشەی جەنگ یان جەنگ دەتوانێ هاوکیشەکان سەرەوخوار بکاتەوە. بزوتنەوەی کرێکاریی و جەماوەری ئەگەر ئاسۆدار بکرێت و بە نەخشەوە لەباری سیاسیەوە ئاراستە بکرێت دەتوانێت جەنگ و هەرەشەی جەنگی بگۆڕیت بە جەنگی یەکلایی کەرەوەی ناوخۆیی و بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی رەشی جمهوری ئیسلامی و خاڵی کردنەوەی خەونەکانی جەنگ کە ئەمریکا بەدواوەیەتی... ئەمە ئەو پۆینتەیە کە هەموو دیدیکی سیاسی دروست و ئازادیخواز دەتوانی پەی پی ببات و مایەی جدی لەسەر دابنێت.

چ ئەمریکا وەکو رەمزو ڕابەری تیرۆریزمی دەوڵەتی و چ ئێران وەکو تیرۆریزمی ئیسلامی، پێویستیان بە جەنگە. بۆ ئەمریکا کە بەدوای شکستی لەزاڵکردنی نەزمی نوێی دنیادا، هەمیشە لەسەر خوڵقاندنی ئەزمە و سازکردنی فەزای جەنگی و دەستێوەردانی خیرادا مایەی داناوە... دەیەوێت لەو رێگایەوە ئەمجارە بەر بەرەوتی ڕوو لە لێژی زۆرتری خۆی بگرێت و پەیامی راگرتنی زێدەڕۆیەکان بە روسیای گەڕاوە بۆ مەیدانی بەرامبەرکێیەکی بلۆکی بگرێت. بۆ ئێرانیش کە لە ٤٠ ساڵی رابردوودا بە دروشمی" مەرگ بۆ ئەمریکا" "شەیتانی گەورە" چوارچێوەی بەخشیوە بە جەنگێکی تەبلیغاتی خۆی لەبەرامبەر ئەمریکا و "نا" وتن بەئەمریکای کردۆتە مەیدانێک بەوەستانەوە بەرووی ئیمپریالیزم!! و بەرگری لە مستەزعەفیندا... وە بەکردەوەش لەچەندین وڵاتی ناوچەکەدا، ئامادەیی سەربازی و سیاسی و لۆجیستیکی و رەوتی سیاسی کریگرتەی خۆی سازداوەو بۆتە کۆسپێکیش لەبەردەم زۆرێک لە پرۆژە و نەخشەکانی ئەمریکادا. درێژەدان بەو پەیامە و ئامادەیی بەردەوامی لە زۆرێک لەوڵاتانی ناوچەکەدا بەیەکێک لە سەرکەوتنەکانی خۆی و پشت و پەنای مانەوەی دەسەڵاتەکەی دەزانێت. هاوکات لە هەلومەرجی ئێستادا کە ڕووبەڕووە لەگەڵ نارەزایەتیەکی قوڵی کریکاری و جەماوەرییدا، و چەپ و کۆمۆنیزم ئامادەیەکی حاشاهەڵنەگری لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەیە، چوونە ناو کەشی جەنگی و تەنانەت جەنگێکی سنوردار بەخێرو بەرەکەتی ئیلاهی دەزانیت، تا لەو ریگایەوەو لە ژێر ناوی جەنگ و هەرەشەی دەرەکی و وەستانەوە بەرووی شەیتانی گەورەدا!!، دەستی سەرکوتی نارەزایەتی لەناوخۆی ئێراندا واڵابکات و پاشەکشە بەو بزوتنەوەیە بکات کەرۆژ بەرۆژ باڵادەکات و مەترسی سەرەکی روخاندنی سەر رژێمە.

لەدڵی ئەو هەلومەرجە بارگاوییە بە جەنگ و ئەگەری جەنگیدا، بلۆکی ئەحزابی بۆرژوازی ئێرانی بە" کورد و فارس و ... تاد، سەرباری ناکۆکیە خانەوادەیەکانیان، هەموو ئومێدی خۆیان شەتەکی جەنگ داوە، و دەیانەوێ لەسایەی جەنگیکی کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانیدا، جمهوری ئیران بڕوخێت و خۆیان ببنە میراتگری رەشی ئەو رژێمە. ئەم لایەنە سیاسیانە هیچ باکیان بە وێران بوونی کۆمەڵگە و دوبارەبوونەوەی سیناریۆی رەشی عێراق نییەو دەیانەوێت لەسەر لاشەی ملیۆنان ئینسانی بەرهەمی جەنگدا، دەستیان بە دەسەڵات و بەشی دەسەڵات بگات... و دەیان بەچکە خامەنەیی و خاتەمی و خومەینی بە کوردی و فارسی وئازەری و بکەنە ملۆزمی سەر کۆمەڵگەی داهاتووی ئیران و ڕەوتی شۆرشی لەخوارەوەی جەماوەری کرێکارو زەحمەکێشیش لەبار ببەن.

دیارە کەشی جەنگی مەترسیەکی جدییە، بزوتنەوەی کریکاریی و جەماوەری و رەوت و لایەنە سیاسیە چەپ و کۆمۆنیست و ئازدایخوازەکان، دەخاتە بەردەم ئەرکی چارەنووساز و بڕیاردەرەوە... وەستانەوە بەرووی ئابلۆقەی ئەمریکا، هەرەشەی جەنگی، بلۆکی بۆرژوازی ئومید گرێدراو بە جەنگ، وەیخستنی بزوتنەوەی دژی شەر، رێکخستن و پەرەدان بەبزوتنەوەی ئامادەی کریکاری و جەماوەری، دوستکردن و راکیشانی پشتیوانی بزوتنەوەی کریکاری و جەماوەری و پیشکەوتنخواز لە ناوچەکە و دنیا....تا کارکردن و بەنەخشەو هەنگاونان بۆ گۆڕینی کەشی جەنگ و جەنگ بۆ نەبەردی یەکلاکەوەوەی چینایەتی و ڕوخاندنی جمهوری ئیسلامی، و دامەزراندنی دەسەڵاتی پشتبەستوی جەماوەری و کۆمەڵگەیەکی ئازاد و خاڵی لە ستەم و چەوساندنەوە... ئەو ئەرکە چارەنووسازانەن، کەدەتوانی نەخشەی داهاتووی ناوچەکەو جیهان بگۆرێت.

**کۆتایی ئایاری ٢٠١٩**

# قوربانیانی توندوتیژی و ناموسپەرستی

بەرواری ٢٦/٥ ژنێک بەناوی" م، ح" لەماڵەکەی خۆیاندا لەرێگای گڕ دانە جەستەی خۆی هەوڵی کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆی داوە... بەهۆی زۆری سوتاویەکەیەوە باری تەندروستی ناجیگیرە... دەوترێت لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە بەردەوامە... گوتەبێژی پۆلیسی راپەڕین بە رووداوی راگەیاند، لە




گەڕەکی ئاشتی قەڵادزێ ژنێکی بەساڵاچوو خۆی سوتاند.

بەرواری ٢٥/٥/ ژنێک بەناوی"س،ع" لەگەرەکی ڕاپەرینی شاری قەڵادزێ کە لە ٨٠% جەستەی سوتاوە، گەیەندراوەتە خەستەخانەی شارەکە، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە رەوانە خەستەخانەی سلێمانی کراوە... دەوترێت پەڕاو بۆ رووداوەکە کراوەتەوە و هاوسەکەی دەستبەسەر کراوە.

بەرواری ٢٤/٥ کچیک بەناوی"ب.م" دانیشتوی گوندی گرتکی سەر بە ناحیەی سەنگەسەر بەسوتاویەکی زۆرەوە دەگەیەنرێتە نەخۆشخانە، بەڵام بەهۆی زۆری سوتاوەیەکەیەوە گیان لەدەست دەدات... دەوترێت بەهۆی تەقینی بتڵی غازەوە!!! سوتاوە و پەڕاویش!! بۆ دۆسیەکەی کراوەتەوە.

# لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

# قەیرانی حکومەتی بەریتانیا و دەست لەکار کێشانەوەی تیریزا مەی

نوری بەشیر

ڕۆژی٢٤ی ئایار بەرئەنجامی دەورەیەکی درێژ لە کێشمەکێش لەناو پەرلەمان و حکومەتی بەریتانیا بەسەرۆکایەتی حزبی پارێزگاران کە تیریزا مەی سەرۆکایەتی دەکات و سەرۆک وەزیرانی وڵات بوو، وەک سەرۆک وەزیرانێکی شکستخواردوو کە لەژێر فشارێکی زۆری ئۆپۆزسیۆن و ئەندامانی حزبەکەیدا و بەتایبەتی ئەندام پەرلەمانەکانیدا، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بە گریانەوە ڕایگەیاند، کە واز لە هەردوو پۆستەکەی دەهێنێت و ٧ی تەمووزی بۆ ئەمە دیاریکرد، تیریزا نەک حزبەکەی لە مێژووی بەریتانیادا توشی گەورەترین قەیران بووە، بەڵکو مێژوویەکی تازەیە لە ئەزمەی حکومەتی بەریتانیادا وەک یەکێک لە وڵاتە سەرمایەداریە گەورەکان، بەڵام بۆ مانەوەی دەسەڵات ئەزمەکە دەبەستنەوە تەنیا بە برێکزت و لەنەبوونی بەدیلی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا بەهەموو کێشەکانەوە هەوڵدەدەن درێژە بە ژیانی نەگریسی دەسەڵاتیان بدەن.

ئەم سەرۆک وەزیرانەی حکومەتی ڕاستی بۆرژوازی کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا لەبەرامبەر ئەزمەیەکی قوڵدا ڕووبەڕووە و زیاتر ئەزمەی حکومەتیشی وەک باقی دەوڵەتانی سەرمایەداری کە لە ٢٠٠٨ وە دەرگیری بووەو هەزاران نارەزایەتی کرێکارانی بەشە جیاجیاکان، مامۆستایان، قوتابیان، کرێکاران و کارمەندانی خەستەخانەکان، ژنان، لاوان، پەنابەران و کرێکارانی بیانی یەخەیان گیراوە لە بەرامبەر ئەو بێکارییە فراوان و گرانی و بێخانەو لانەیی و هەلومەجی ڕاسیستی و کرێی کەمەدا کەسەپاندویانە بەسەر کۆمەڵگەداو هەوڵی شکاندنەوەی ئەزمەکە بەسەر بەشی خوارەوەی کۆمەڵگەدا، بەڵام ئەم دەسەڵاتدارانەی بۆرژوازی بۆ چەواشەکاری کۆمەڵگە تەنیا ئەزمەی بریگزت واتە هاتنە دەرەوەیان لەئەوروپا بەرجەستە دەکردەوەو باقی ئەزمەکانی تری ئابوری و سیاسی لەپێناو مانەوەیاندا شاردۆتەوە.

ئەزمەی حزبی پارێزگاران وەک بەشێک لە ئەزمەی ئابوری و سیاسی حکومەتەکەیان هەر ئەوە نەبوو کە تەنیا ئۆپۆزسیۆنەکانی یەخەی بگرن و قەیرانەکە بەسەریاندا قوڵ بکەنەوە، بەڵکو قەیرانەکە بەجۆرێک ناوخۆی حزبەکەی گرتەوە کە زۆربەی کابینەکەی تیریزامەی کە ئاخرینیان ڕابەری ئەنجومەنی لورداتی بەریتانیا ئاندری لیدسۆم لە ٢٢ ئایاردا وەک ٣٦ هەمین کەس کە دەستی لەکار کێشایەوەو، پێش ئەمیش ژمارەیەکی زۆر لە پایە بەرزانی حزب و وەزیرەکانی حکومەتەکەی تیریزامەی دەستان لە کار کێشایەوە لەوانە "وەزیری دەرەوە، وەزیری کار، جێگری سەرۆک وەزیران، دوو وەزیری بەرگریی، دوو وەزیری برێکزت و چەندانی تر. هۆکاری ئەمانەش بەهۆی ئەو بڕیارە جۆراجۆرانەی تیرزا مەیەوە بوو لەسەر سیاسەتی برێکزت کە هەوڵەکانی لە سێ دەنگدانی پەرلەماندا شکستی خوارد، شکستی پرۆژەی مەی و حزبەکەی بە گەورەترین شکستی حکومەتی بەریتانی لە پەرلەمان دادەنرێت لە مێژوویەکی دووردا.

قەیرانێک کە حزبی پارێزگارانی گرتەوە بە لەدەستدانی زۆریک لە ئەندامانی حکومەتەکەی لە ماوەیەکی کەمدا کە بە بەراورد بە حکومەتەکانی تۆنی بلێرو مارگریت تاتشەر لەماوەی دەساڵدا رویدا کە پەیمانگای کاروباری حکومەت ئەو ژمارە زۆرە لە




دەست لەکار کێشانەوەیە بە بێ وینە ناو دەبات لە مێژووی بەریتانیادا کە لە دوو وەجبە لە وازهێنانەکاندا دوو وەزیر لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا وازیان هێنا، ئەوانیش وەزیری برێکزت دەیفید دایفس و وەزیری دەرەوە بۆریس جۆنسن لە ٨ و ٩ی تەمووزی ٢٠١٨ دا. هەروەها دەست لەکار کێشانەوەی دۆمینیک ڕاپ وەزیری برێکزت و ئیستەر مەکفی وەزیری کار و مووچەکان لە تشرینی دووەمدا، کە لەدوو کاتی تردا ژمارەیەکی تر وەزیرەکانی دەستیان لەکار کێشایەوە.

کە یەکێک لە کارە دزێوەکانی تری حزبی پارێزگاران و تیریزا مەی باڵی قەومپەرستی و کۆنەپەرستی و دژی بیانی کۆمەڵگەی بەهێزکردووەو لەوانە کە حزبێکی تازە دروستبووی وەک حزبی برێگزت بەسەرۆکایەتی کەسایەتی بۆرژوا قەومی و کۆنەپەرست و هەلپەرستی وەک نایجل فاراج بەهێزتر سەر دەردەهێنت و لە هەڵبژاردنی یەکێتی ئەوروپادا دەنگی زۆربە دەهێنێت.

حزبی ئۆپۆزیسۆنی سەرەکی حزبی پارێزگاران کە لە جێرمی کۆربینی سەرۆکی پارتی کرێکاراندا دەردەکەوێت و وەک باڵی چەپی ئەو حزبە دەناسرێت، بەدوای دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیادا، داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختی کردو وتی دواجار تیریزا مەی ئەوەی قەبووڵ کرد کە دەست لەکار بکێشێتەوەو لە درێژەی قسەکانیدا هێرشی توندی کردە سەر سەرۆک وەزیرانی بەریتانیاو پارتی پارێزگاران و وتی تیریزا مەی و پارتە لێکهەڵوەشاوەکەی لەتوانایاندا نییە بەریتانیا بەڕێوە ببەن، بەڵام ئەوە هەیە کە ئەم حزبەش ئەگەرچی وەک ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی حزبی پارێزگارانە، نە حزبەکەو نە جێرمی خۆشی وەک حزبی دەسەڵات کار ناکەن و شانسیشیان لەبەرامبەر باڵی ڕاستی بۆرژوازیدا کەمترە بۆ هاتنە سەرکار.

بەدوای دەست لەکار کێشانەوەی تیریزامەیدا نزیکەی ١٠ کەس لە ئەندامانی باڵای حزبەکەی زۆرێکیان کە وەزیرانی دەست لەکار کێشاوەو ئەندمانی مەجلیسی گشتین کە بەشی ڕاسترەوترین و توندترینی لە چەشنی بۆریس جۆنسن هەن بۆ ئەم پۆستە، کە هەموو هەوڵێکیان بۆ دەسەڵاتی خۆیان و حزبەکەیان و دەربازکردنیەتی لەو قەیرانەی تێیدان و بەهەر قیمەتێک دەرچوون لە یەکێتی ئەوروپادا و شکاندنەوەی قەیرانەکە بەسەر بەشی خوارەوەی کۆمەڵگەدا، ئیتر کۆمەڵگە چی لێدێت و بەرەو کوێ دەڕوات بۆیان گرنگ نییە.

٢٨/٥/٢٠١٩

# بێدەنگی لەبەرامبەر هێرشەکانی یەکێتی نیشتیمانی بۆ سەر جوڵانەوەی نەوەی نوێ پشتگیرییە لە سەرکوتی ئازادی و ئازادییەکان...

ماوەیەکە هێرشێکی بەرفراوان بۆسەر جوڵانەوەی نەوەی نوێ لەلایەن یەکێتی نیشتیمانیەوە دەستی پێکردووە، لەچوارچێوەی ئەو هێرشەدا دەیان لە چالاکوانان و کادرانی ئەو جوڵانەوەیە ڕاوەدوونراون، دەستگیر و زیندانی کراون، سەرۆکی جوڵانەوەکە زیاتر لە دووهەفتە زیندانی کرا، تەنانەت تەشویش دەخرێتە سەر کەناڵەکانی ئێن ئارتی... پاساوی هەموو ئەو هێرش و ملهوڕیانەی یەکێتی خراپ بەکارهێنان و بەدکەڵک وەرگرتنە لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان!! چ دنیایەکی سەیرە!




یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە بە ئەندازەی هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی سەر ئەم هەسارەی زەوییە بانگەشەی ئازادی و دیموکراسی و مەدەنیەت و سەرەوەی یاسا دەکات و بە سۆشیال/ دیموکراسیەوە دەفشێ، ناتوانێ بەرگەی هیچ ڕەخنەیەکی جدی، هیچ کاردانەوەو خۆپێشاندان و نارەزایەتیەکی حەقخوازانەی جەماوەری بگرێت، میدیایەکی ئازا و ڕۆژنامەنووسێکی ئازاد دەتوانێت هەموو بانگەشەکانی بەهەوادا ببات.

جوڵانەوەی نەوەی نوێ، ڕەوت و لایەنێکی سیاسییە، تاوانی ئەو ڕەوتە تەنها ئەوەیە گوشارێکە بۆسەر دەسەڵاتی یەکیتی و خاوەنی میدیایەکی فراوانە، کە بۆمبابارانی ڕاگەیاندن دەکات، یەکێتی بەرگەی ئەو میدیاو ڕەوتە ناگرێت کە سەری تەسلیم بۆ یەکیتی دانانەوێنێت و ملکەچی زۆر و هەڕەشەکانیان نابێت.

ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی نەوەی نوێ و سەرۆکی جوڵانەوەکە کراوە، ئەگەر دەسەڵاتی زۆنی سەوز و یەکێتی بایی سەرەدەرزییەک ڕێزیان بۆ یاسا و تەنانەت ئابڕوی سیاسی خۆیان هەبوایە، دەبوو لەڕێگای دادگاو پۆلیسەوە یەکلایی بکرێتەوە و دەستی ئاسایش و زۆری چەک و هەڕەشەی تیا بەکارنەیەت. پارێزگاری سلێمانی" کاکی دەیگۆڕین!!" کە بەرپرسی ئەمنی سلێمانیشە، ئەگەر تۆزقاڵێک کردەوە لە بانگەشەو دەم گەرمیەکەیدا هەبوایە، دەبوو لەبەر بێدەسەڵاتی و کارتۆنی بوونیدا دەستی لەکارکێشابایەوەو قبوڵی ئەو کردەوە نایاسایی و سەرکوتگەرانەی دەزگا ئەمنیەکانی سلێمانی و یەکێتی نەکردایە.

خۆ ئەگەر بڕیار بێت دادگایەک هەبێت و بۆ هەمووان یەکسان بێت، دەبوو ئێستا نەک لەسەر خراپ بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان، بەڵکو لەسەر دەیان دۆسیەی دزی ئاشکرا، بازرگانیکردن لەگەڵ داعش، نەوت دزی، لەسەر سەرکوت، لەسەر نۆکەرایەتی بۆ وڵاتانی ناوچەکە، لەسەر تیرۆر و کوشتاری نەیارانی سیاسییان، بەشی هەرەزۆری سەرانی یەکیتی و حزبەکانی تر و کەسە نزیکەکانیان، لە کونجی زینداندا توند کرابان. تەنانەت لەسەر ژێرپێخستنی یاسا دەبوو یەکیتی و بەرپرسەکانی توشی سزا و دادگاییکردن بونایەتەوە. دەستگیرکردنی و ڕاوەدونان و هەڕەشەو زیندانیکردنی ئەندام و لایەنگران و خودی سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ لەلایەن یەکیتیەوە، نەک تەنها کردەوەیەکی سەرکوتگەرانە، بەڵکو دەستگرتنە بە میراتی دەسەڵاتی بەعسی لە گۆڕنراو. هەر حزب و لایەنێکی سیاسی تا هەر ڕۆژنامەنووس و نووسەر و دادوەر و ئازادیخوازێک، بێدەنگە لەو سەرکوتگەرییەی یەکیتی بکات، پێ بزانی یان نا، دەچێتە پشتی سەرکوت و داپڵۆسین و سەرکوتی ئازادیی و ئازادییەکانەوە.

## بڵاوکراوەی بۆپێشەوە

## کۆتایی ئایاری ٢٠١٩

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە

# هێزەكانی ئازادی گۆڕان لە سودان براوەی مانگرتنی گشتین

ئامادەكردنی ئاراس ڕەشید

ئەمڕۆ ٣شەممە ٢٨ی ئایار، مانگرتنی گشتی شوێنی كار لە زۆریک لەشارو شارۆچكەكانی سودان دەستیپێكرد و هێزەكانی ئازادی و گۆڕان براوەن. لە خەرتومی پایتەخت هێزە ئەمنیەكان لە دڵەڕاوكێدابوون. سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، چالاكی هاتووچۆ لە خەرتوم لە ڕۆژانی ئاسایی كەمتربوو، سەرەڕای ئەوەی كە مانگرتنەكە ڕێ لە فەرمانبەران ناگرێت بۆ چوونە سەركار، بەڵام بەكار و ئەركی خۆیان هەڵناستن..

بەشێوەیەكی فراوان مانگرتنەكە لە كەرتی درواو و بانكی ناوەندی و بانكی سودان و كۆمپانیای خزمەتگوزاری دراوی ئەلكترۆنی سەربەبانكی ناوەندی هەستیپێكرا.

مانگرتووان بە ڕاگرتنی كارەكانیان نەوەستان، بەڵكو گردبوونەوەی نارەزایەتیان لەبەردەمی فەرمانگەكانیان ڕێكخست و بە شیعاری و داواكاری (دەسەڵاتی مەدەنی) پێش بارەگای بانك و كۆمپانیای پەیوەندی و وەزارەتەكان بەرزكردبۆوە.

بەپێی قسەی سامی السائغ گەورە ئەندازیار لە ویستگەی كەنارەكانی بەندەرەكە"گەورەترین بەندەرەكانی سودان بەناوی پۆرتسودان لە باشوور نزیكەی ٦٧٥ كم لە باكوری خەرتوم، خۆپیشاندانی تێدا بەڕێوەچوو و سەرجەم كارەكان تێیدا وەستێنرا". سائغ گووتی" بەهیچ جۆرێك، هیچ دەزگایەک ئەمرۆ كاری نەكرد، مانگرتنەكە ١٠٠٪ سەركەوتنی هێنا"

**مامۆستایانی مانگرتوو:**

شایانی باسە مانگرتن ئەندامانی(كۆنترۆڵ)ی لیژنەی ڕاستكردنەوەی تاقیكردنەوەكانی سودانیشی گرتەوە لە مەیدانی مانگرتن لە پێش بارەگای سەرۆكایەتی سوپا. بەجۆرێک ئەحمەد ڕەبیع ڕۆژێک پێش دەستپێكردنی مانگرتن بە مامۆستایانی ڕاگەیاندبوو كە بەشداری بكەن. ئەمەش واتە ئەو هەوڵەی كە پێشتر جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی سەربازی محمد حمدان حمیدتی دابووی كە كۆنترۆلی تاقیكردنەوەكانی سودان سەرەرای بەڵێندانیان بە دانی دەرماڵەی دارایی پێیان، بۆئەوەی بەشداری مانگرتنەكە نەكەن.

بۆیەكەم جارە كە مانگرتنی گشتی دەچێتە ناو بازرگانانی بازاڕەكانی فیاشا لە شەقامی ئازادی (ناوەڕاستی خەرتوم) و السجانە (لە باشووری خەرتوم) و شەهیدەكان لە ئامدەرمان، سەرەڕای مانگرتنی ژمارەیەک بازاڕ و ماركێتی گەورەی بازرگانی وەک (سناء هایبەر ماركێت). هەروەها كرێكارانی كۆمەڵەی كۆمپانیاكنی (داڵ)، كە یەكێكە لە گەورەترین گروپە پیشەسازیەكان، كە كارگەكانی كۆكا كۆلا و ئاشەكانی(دەقیقی پێشوو) و (ئەلبان كابۆ) لە خۆدەگرێت بەشداری مانگرتنەكەیان كرد.

٢٧٧ دەرمانخانە لە خەرتوم ڕایانگەیاند كە پەیوەست دەبن بەجێبەجێكردنی مانگرتن، زوربەی دەرمانخانەكان دەرگاكانیان داخست لە خەرتوم.

**ناجێگیری هەلومەرجەكە:**

زۆرترین كەرتێک كە ئەنجومەنی سەربازی لێی نیگەران بوو لە ڕۆژی یەكەمی مانگرتنەكە، وەستانی كرێكارانی كارەبا و بانكی سودانی ناوەندی بوو لە كار. هێزە ئەمنیەكان توشی بەرامبەركێی قسە و تێكهەڵچوونی دەستی بوون لەگەڵ كرێكارانی كارەبا لە گەڕەكی ریاز لە شاری خەرتوم، و چەند كرێكارێكیشیان دەستگیركرد، بەڵام دواتر ئازادیان كردن.

كۆمەڵەی پیشەوەران لەكەرتی كارەبا داوایان لە سەرجەم كرێكارەكانی بەشەكان كرد كە بارەگای ئۆفیسەكانیان بەجێبهێڵن و پابەندبن بە ڕێنوێنیەكانی بەڕێوەبەری ئۆفیسەكان و دەستبكەن بەمانگرتن.

هەروەها هێزێكی سوپا ئابڵووقەی بیناكانی بانكی سودان بەشی خەرتوم و كۆمپانیای خزمەتگوزاریە داراییە ئەلكترۆنیەكانی شەقامی البلدیە كۆلێجی ئەندازیاری زانكۆی خەرتومیان دابوو، و هەوڵیاندا كە فەرمانبەرەكان



دەستبەكاربن و خەزێنەی ناوەندی بانكەكان بكەنەوە. گەیشتنی پارێزگاری بانكی ناوەندی بۆ بەشی خەرتوم نەیتوانی قەناعەت بە فەرمانبەران بكات بۆ دەستبەكار بوون. بەپێی قسەكانی محمد عسمەت فەرمانبەر لە بانكی سودان؛ مانگرتن لە بارەگای سەرەكی بانكی ناوەندی و ژمارەیەک لە بەشەكانیتر بەسەركەوتوویی بەڕێوەچوو. هەروەها ڕەخنەشی لەهەوڵی هێزەكانی سەربازی گرت لەوەی بە هەڕەشە و هێز ویستیان مانگرتنەكە شكست پێبێنن، و بەڵێنیاندا كە مانگرتن لە ڕۆژانی دواتر بەردەوام دەبێت.

**فڕۆكەخانەی خەرتوم:**

فڕۆكەخانەی خەرتوم بە شێوەیەكی كەم كەوتە ژێر كاریگەری مانگرتنەوە، و هێزێكی هاوبەشی سەربازی گەیشتە فڕۆكەخانە و ڕێگریانكرد لە ڕۆژنامەنووسان بۆ ڕوومالّكردنی مانگرتنەكە.

هەروەها كۆمەڵەی پیشەوەرانی گشتی بۆ كەش و هەوا، ڕایانگەیاند كە بەرپرس نین لە دانی هیج زانیاریەک لەسەر مەزەندەكردنی كەشوهەوای فڕۆكەخانەی خەرتوم، و بەرپرس نین لە دەرئەنجامەكانی لە ماوەی مانگرتنەكاندا.

بەپێی ڕاگەیاندنێكی كۆمەڵەی پیشەوەران، كۆمەڵێک لە هێزە چەكدارەكان فەرمانیاندا بە چۆڵكردنی ئۆفیسەكە و خۆیان دەستبەكار بوون، لەوانە دانی زانیاری بۆ كەشوهەوا بۆ ئەوەی كاری فڕۆكەوانی بەردەوام بێت.

هەروەها كرێكارانی ئەو كۆمپانیایەی سەرپەرشتی وەرگرتنی ڕسوماتی چونە ناو فڕۆكەخانەیە گووتی" كۆمپانیاكە لە بەیانیەوە هیچ پارەیەكی وەرنەگرتووە".


**هەڵبژاردەی یاخیبوون:**

لە هەرێمی نیلی سپی، كرێكارانی كۆمپانیای شەكری نیلی سپی كە یەكێكە لە گەورەترین كارگەكانی شەكر لە وڵات مانگرتنیان دەستپێكرد. هەروەها كرێكارانی هەردوو كارگەی چیمەنتۆی عەتبەرە و بریر لە هەرێمی ڕووباری نیل دەستیاندایە مانگرتن.

لەگەڵ فراوانبوونەوەی ناوچەی مانگرتنەكان و ڕووبەڕووبوونەوەی مانگرتوان بەهێرشی هێزە ئەمنیەكان، هەڵبژاردەی هەڵكشانی مانگرتنەكان ئەگەری زیاتری بۆ هێزەكانی ئازادی و گۆڕان فەراهەم كردووە بۆ ڕاگەیاندنی یاخیبوونی مەدەنی بۆ پاراستنی سەلامەتی كرێكاران. هێزەكانی ئازادی و گۆڕان لە بەرامبەر تەحەدایەكی بەهێزدەبن بۆ مانەوە لەسەر بەرەوسەر بردنی ئاستی مانگرتنەكان لە مەیدانی مانگرتن لە ڕۆژانی پشووی جەژن كە هەفتەی داهاتوو دەستپێدەكات. لەپێناو بردنەوەی شەڕی مانگرتن، ئەنجومەنی سەربازی هەڵوێستی نەرمی نواندوە بۆ ڕێژەی بەشداری مەدەنی لە ئەنجومەنی سیادی و سەرۆكایەتی.

# سەندیكاكان ئاڵا بۆ فرەیی و یەكسانی و شكۆی كرێكار لەسەر كار بەرز دەكەنەوە!

ئامادەكردنی: شوان عەزیز



لە ڕۆژی جیهانی هۆمۆفۆبیا و ترانسفۆبیا و بایفۆبیادا، ڕێكخراوە پیشەییەكان دڵنیایی دەدەنەوە كە هەماهەنگی و هاوكاری لەنێوانیاندا هەبێت لە ڕووی ڕێز لە فرەیی گرتنەوە. دووپاتی دەكەنەوە كە نابێت هیچ جیاكاری و تایبەتمەندیەک بوونی هەبێت لەسەر كار لەبەرامبەر كرێكاراندا. كرێكاران دەبێت وەک كرێكار سەیریان بكرێت.

ڕێكخراوی پیشەیی جیهانی ئاهەنگ دەگێڕێت بەبۆنەی ئەو پێشكەوتنە



بەرچاوەی كە بە خۆیەوە بینیویەتی لە بواری یەكسانی و كشتگیری و فرەییەوە لە ناوەندەكانی كارو هەروەها لەنێو كۆمەڵگەكەماندا.

هەر لە خوارووی ئەفریقاوە تا دەگاتە نۆرویج و ئۆرۆغوای و بەرەو فلیپین، هەروەها لە شوێنی كارەوە تا دەگاتە ئاستی نێونەتەوەیی، ئیێڵ جی بی تی یەكان و سەندیكاكانیان دەستیان كردووە بە بەرزكردنەوەی ئاڵا، و وایان كردووە كە مانایەكی قووڵ بگەیێنێت. ئەوانە بوون بە بەشێكی فراوانتر لە خەبات بۆ یەكسانیەک كە بەرەو سەركەوتنێكی مێژووی بەرێت.

بۆ نموونە هەر لەم دواییانەدا ئەنگۆلا یاسایەكی پوچەڵ كردەوە كە هاوڕەگەزبازی بە تاوان ئەژمارد. هەروەها دەوڵەتی كۆستاریكا یاسایەكی دەركرد كە دەڵێت ئیتر بەتاوان دانانی هاوڕەگەزبازی كارێكی نادەستوورییە و لەهەمانكاتیشدا جیاكاریە. هەروەها لەوڵاتانی ئوستڕالیا و نەمسا، كۆلۆمبیا، فینلاند، و ئەڵمانیاش یاسای یەكسانی مارەییان قەبوڵ كرد كە ئەمەش لە بەرژەوەندی كۆمەڵگەدایە.

لەوبارەوە شاران بورۆ كە سكرتێری ڕێكخراوی پیشەیی جیهانیە دەڵێت "نابێت كەس بێبەش بێت لەكاركردن و قاوبدرێت یان گێچەڵی پێبكرێت یان هەڕەشەی جۆراوجۆری لێبكرێت و هەست بە نا ئەمینی بكات لەسەر كارو كاتی كاركردن بە هۆی باری جێندەری و پێناسی جنسیەوە."

جێگەی باسە كە ئەندامەكانی ئیێڵ جی بی تی بوون كە وایان كرد دەوڵەتی بەریتانیا پیشەسازی هێڵی ئاسنی ئەو وڵاتە بكاتە شوێن و ناوەندێكی ئەمین بۆ هاوڕەگەزبازەكان. ئێستا ئەوان بە ئەمینی و دڵنیایەوە دەتوانن درێژە بەكاریان لەو ناوەندەدا بدەن.

بۆپێشەوە FORWARD

# ئازادی بیروڕا بە مەرجی نەبەزاندنی سنوری پیرۆزییەکان!

نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە



پێت دەڵێ تۆ ئازادی لە دربڕینی بیروڕای خۆت، بەڵام بەو مەرجەی لە سنوری خۆت دەرنەرچیت و هێرش نەکەیتە سەر پیرۆزیەکان، بە ڕای من ئەو مەرجە یەکسانە بەوەی کە تۆ ئازاد نیت، ئیتر ئازادی دەبێتە درۆیەکی گەورە ئیتر ئازادی دەبێتە سەرکوت و دەم کوت ئەگەر ئەو شتانەی لای تۆی دەسەڵاتدار و فلانە گرووپ و تاقم پیرۆزە لای من پیرۆز نییە، هەقی خۆمە ڕای خۆم بدەم لەسەریان. هەموو دەسەڵاتە فاشیە دیکتاتۆرەکان هەمان ئیدیعا دەکەن بۆ ئازادی ڕادەربڕین. مەرجیان داناوە بۆ ئەم ئازادییە مەرجی وەک گەل، نیشتمان، ئاڵا، سروود، دین، مەزهەب، سەرۆک، سەرکردە، ئیمام، عەقیدەی زۆربەی خەڵک...هتد ئەگەر تۆ ڕەخنەت لەمانە هەبوو ئیتر تۆ لە سنوور لاتداوە، مەرجەکەت جێبەجێ نەکردووە، بۆیە تۆ مەحکومی جا حوکمە کە یا دەسەڵاتەکە دەیدا بەسەرتا یا خەڵکێک کە لایەنداری ئەم مەرجەیە.

لە کاتێکدا ئازادی دەتوانێ مانای هەبێ کە هەموو کەس بتوانێ بیروڕای خۆی بە ئازادانە دەربڕێت وە هیچ سنورێکی بۆ دیاری نەکرێ لەژێر ناوی سووکایەتی بە پیرۆزییەکانی خەڵک و بریندارکردنی شعوری خەڵک. ئازادی هیچ مانایەکی نابێت کاتێ بۆت دیاری بکەن تۆ نابێ لەسەر فلانە ئایین و مەزهەب یا فلان حیزب و سەرکردەکەی یا فلان پیرۆزی ڕەخنە بگری، ڕەخنە ئەگەر زۆر بەتوندیش بێ هێشتا نابێ سنوری بۆ دانرێ بۆچی؟ چونکە ئەو کەسەی کە ڕەخنەکەی هەیە بۆی هەیە لەسەر هەق بێ یا لەسەر ناهەق لەوانەیە پرسیارییشی هەبێ بۆیە دەبێ وەڵام وەرگرێت. بیسەلمێنە بۆی کە تۆ لەسەر هەقیت نەک سەرکوتی بکەی، یا تیرۆری بکەی یا هەڕەشەی لێ بکەی، یا تەمێی بکەێ بەو ناوەی سوکایەتی کردەوە، کەسێک ڕەخنە ئەگرێ گومانی هەیە دەکرێ ئەو گومانەی نەهێڵییێت ڕێگای لەیەک تێگەیشتن بگرە بەر .

لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا ئەوە بووەتە دەسکەوتی کۆمەڵگە کە هیچ کەس نابێت سنوری بۆ دابنرێ بۆ دەربڕینی بیروڕای خۆی تەنانەت تا ئاستێکی زۆر توندیش ڕەخنە بگرە کەس پێت نالێ: بوەستە و سنوری خۆت بەزاند و سووکایەتیت کرد، ئەمە یەکێکە لە دەسکەوتە گەورەکانی ڕێنسانس کە لە ٥٠٠ ساڵی ڕابوردووەوە دەستی پێکردووە. دەنا پێش ئەو سەردەمە کۆمەڵگەکانی ئەوروپاش لەژێر کاریگەری کلیساو مەسیحیەتدا بووە، مەرج و سنور بۆ دەربڕینی بیروڕا دیاریکراوە. لەو سەردمەدا چەندین زاناو بلیمەت کەوتوونەتە بەر هەڕەشە هەندێکیان وازیان لە فیکری خۆیان هێناوە وەک (بریخت ) باسی گالیلۆ دەکات کاتێ تەلیسکۆبی داهێنا سەیری ئەستێرەکانی پێدەکرد وتیان دەبێ لەسێدار بدرێ، چونکە سنوری بەزاندووە دەیەوەێ خواو عیسا بە درۆبخاتەوە، بۆیە پەشیمان بویەوە لە کارەکەی. کەچی ئێستا زانست و تەکنۆلۆجیا ڕاست و دروستی کارەکەی گالیلۆی بە هەزاران قات سەلماندوە، پاشان لەبەر ئەم هۆکاری سەرکوتەی کلیسا، ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان جموجۆلیان کردو دەسەڵاتی کلیسایان نەهێشت بەسەر کۆمەڵگەوە، مەودا بۆ ئازادی ڕادەربڕین فراوان بوویەوە، بەڵام کۆمەڵگەی ئێمە بە تایبەت کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان بەداخەوە ئێستا لەم قۆناغەی ئەورپای پێش ٥٠٠ ساڵە، بۆیە دەڵێم بە تایبەتی عێراق و کوردستان، چونکە هەندێ وڵاتی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ئەم قۆناغەیان تا ڕادەیەک بڕیوە. بۆ نمونە لە دوای بەهاری عەرەبی چەند وڵاتێکی وەک تونس و میسر لە سوریاش بەشی کوردستانی ڕۆژئاوا مەودای ئازادی تیایاندا فراوانتر بوویەوە. خەڵک دەتوانێ ڕەخنە لەهەموو شت بگرێ، چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی و سۆشیال میدیا هەن کە ڕەخنە لە پیرۆزیەکانیش دەگرن .

ئەگەر ئەوە ڕاست و مەنتیق بێت لەهەر کۆمەڵگەیەک زۆربەی خەڵکەکەی سەر بەکام ڕەوتی سیاسی و هەڵگری کام عەقیدە بن دەبێ شعوری ئەو خەڵکە بریندار نەکرێ، نابێت هیچ کەس ڕەخنە بگرێ لە پیرۆزیەکانی ئەو خەڵکە ڕاوبۆچوونی خۆی دەربڕی؟!، هەر لەسەر ئەم مەنتیقە ئەوکاتە ئەم مافەش بە کۆمەڵگەکانی تر بدرێت کە زۆربەی خەڵکەکەی کە وەک تۆ نین زۆربەشن تۆ کە کەمایەتیت بۆت نییە نابێ تۆش بیروڕای خۆت دەربڕی و شعوری ئەوان بریندار بکەیت، چونکە دەبێتە دژایەتیکردنی پیرۆزییەکانی کۆمەڵگەکەی ئەوان. بۆ نموونە لە سریلانکا بودایی عەقیدەی زۆربەی خەڵکەکەیەتی موسڵمانەکان لەوێ کەمایەتین ئایا دەکرێ موسڵمانەکان ڕەخنەیان نەبێت لەسە دینی بودایی؟ وە ئەگەر ڕەخنەیان گرت بیانکوژن یا سزایان بدەن؟ یازیندانیان بکەن؟ هەروەک ئێستا دەیبینین. لە وڵاتی چیک لە%٩١ ی گەنجەکان باوەڕیان بە دین نییە، لە چین لە %٨٨ ی خەلک باوەڕیان بە دین نییە، لە سوید لە%٨٠ی خەڵک و لە بەرتانیا لە %٧٠ ی خەلک باوەڕیان بە دین نییە، کە ئەمانە زۆربەن ئایا ڕاستە ئەگەر مەسیحیەکان یا جولەکەکان یا موسڵمانەکان ڕەخنەی خۆیان نەبێ لەبێ دینەکان و قسەی خۆیان نەکەن نەوەکا سنوی پیرۆزییەکان ببڕن؟ دواتر بیانکوژن یا هەڕەشەیان لێ بکەن وتەمێیان بکەن و سزایان بدەن؟ ئایا دەکرێ لە وڵاتێکی وەک کەنەدا کە ڕێژەی ئیسلام تێیدا لە %٤ موسڵمانەکان قسەی خۆیان نەبێت لەسەر کریستیان کە لە %٥٥ و یا لەسەر بێدینەکان کە ڕێژەیان لە %٢٦؟.

یا کاتێک بەهاییەکان و زەردەشتیەکان و کۆمۆنیستەکان لە ئێران کە کەمایەتین نابێ ئازاد بن، چونکە ئەوانە سووکایەتی بە عەقیدەی زۆربەی خەڵک دەکەن لە ڕوانگەی ئیسلامی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتەوە. ئەم عەقڵە بۆ شیعەکانی باشوری عێراق بۆ ناسیونالیستەکانی کوردساتانیش نامەنتیقیە کە نابێ ئینسان ئازاد بێت لە دەربڕینی ڕای خۆیدا، چونکە سوکایەتی کردنە بە عەقیدەی زۆربە ی خەڵک بەڕای ئەوان.

لە کۆتایدا دەلێم هیچ لایەنێک و کەسێک بۆی نییە سنوور بۆ ئازادی ڕادەربڕین دیاری بکات لەژێر ناوی بەزاندنی سنوری پیرۆزییەکان. ئەم مافە لە بەرنامەی جاڕدانی گەردوونی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکانیشدا هاتووە کە ئازادی ڕادەبڕین سنوری نییە مافی هەر کەسە ئازادانە ڕاوبۆچوونی خۆی دەربڕێت، ئەوە بە هیچ جۆرەک سووکایەتی نییە، بەڵکو بیروڕایەکی پێچەوانەیە گەر ڕەخنە بگری لە ڕەوتێکی سیاسی دینی کۆمەڵایەتی تر. بۆ من تەنها یەک جۆر سووکایەتی هەیە ئەویش هەڵکوتانە سەر ژیانی تاکە کەس و شکاندنی کەرامەتی ئینسانی تاکی کۆمەڵگەیە، سووکایەتی ئەوەیە کە ڕێگانەدەی خەڵکی جیاواز بیربکاتەوە، حوکمی مێژووش وایە کە کەس ناتوانێ ڕێگا بگرێ لە ڕەوتی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگە بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئازاد ومۆدێرن، بەڵام دەبێ بە پراکتیکی پێشڕەوانی ئەم مەیدانە بەدیهاتنی ئەم ئامانجە خێراتر بکرێ.

٢٥/٥/٢٠١٩

# مافەکانی منداڵان

مافی هەر منداڵێک لە بەهرەمەندبوون لە ژیانێکی بەختەوەر و ئاسوودە و داهێنەرانە .

کۆمەڵگا لەسەریێتی کە خۆشگوزەرانی و بەختەوەریی بۆ هەموو منداڵێک، بەبێ لە بەرچاوگرتنی وەزعی خێزانیی، دابین بکات. دەوڵەت لەسەریێتی ستانداردێکی چونیەک لە خۆشگوزەرانی و ئیمکاناتی گەشەی ماددی و مەعنەوی منداڵان و تازەلاوان، لە بەرزترین ئاستی شیاودا، دابین بکات .

دانی خەرجی پێویست و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی و ئاموزشی و کەلتووری خۆڕایی، بۆ زامنکردنی ستانداردێکی بەرز بۆ ژیانی منداڵان و تازەلاوان بێ گوێدانە وەزعی خێزانییان .

سەرپەرشتی کردنی هەموو ئەو منداڵانەی کە خێزان یان ئیمکاناتی خێزانییان نییە، لەلایەن دەوڵەتەوە بەخێوکردن و پەروەردەکردنیان لە دامەزراوە مۆدێرن و پێشکەوتوو و پۆشتەکاندا .

دەستەبەرکردنی دایەنگە پۆشتەو مۆدێرنەکان بەمەبەستی بەهرەمەندبوونی هەموو منداڵان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی وەزعی خێزانییان، لە ژینگەیەکی زیندوو و داهێنەرانەی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی.

یەکسانیی تەواوی منداڵان لەڕووی مافەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە چوارچێوەی زەواج یان دەرەوەیدا لەدایک بووبن .

قەدەغەکردنی کاری پیشەیی بۆ منداڵان و تازەلاوانی ژێر تەمەنی ١٦ ساڵی .

قەدەغەکردنی هەر جۆرە ئازاردانێکی منداڵان لە خێزان و قوتابخانەو دامەزراوەکانی خوێندن و لە ئاستی کۆمەڵگا بەگشتی. قەدەغەکردنی بێ ئەملاوئەولای سزادانی جەستەیی. قەدەغەکردنی گوشارو ئازاری دەروونی و ترساندنی منداڵان .

ڕووبەڕووبوونەوەی توندی قانوونیی لەگەڵ بەدکەڵک وەرگرتنی جنسیی لە منداڵان. بەدکەڵک وەرگرتنی جنسیی لە منداڵان بە تاوانی قورسی جینایی دەژمێردرێت .

لێپرسینەوەو سزادانی قانوونیی کەسانێک کە بەهەر جۆرێک و بەهەر بیانوویەک ببنە ڕێگر لە بەردەم بەهرەمەندبوونی منداڵان، چ کوڕ چ کچ، لەمافە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان، وەکو فێربوون، ڕابواردن و بەشداری کردن لەچالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە منداڵان .

**لەبەرنامەی دنیایەکی باشترەوە**

# هونەرمەندی بێلایەن و سەربەخۆ؟

## کاوان قادر



هونەر لەپێناوی هونەردا، ئەو ڕستە بێناوەڕۆکە بوو کە لە ئەوروپای سەدەی ١٩دا پڕوپاگەندەی بۆ دەکرا بە پێشڕەوایەتی( victor cousin ) لە لێکدانەوەیەکی زۆر بێ ناوەڕۆکدا کە دەڵێ "هیچ بەهانەیەک پێویست نییە کەهونەر تێکەڵ بە سیاسەت بکرێت"، کە بە پێچەوانەوە (George Sand)ڕۆمانووسی فەڕەنسی بەرپەرچی ئەم بۆچونەی دەداتەوە کە (هونەر لە پێناو ڕاستیدا، لەپێناو باوەڕدا بۆی دەگەڕێم) ئەم بۆچوونەی ڤیکتۆر تا ڕادەیەک وەک بێزاربوونێک و دژ بە کالا بردنی هونەری پێوە دیارە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە؛ کێن ئەوانەی هونەرو تەنانەت ئینسانیشیان بەکالا کردووە؟ لە وڵاتی ئێمەدا ئەم ڕستەیە لەلایەن کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و هونەرمەندەوە تا ڕادەیەک ببووە شیعاری سەر سنگیان و موقەددەسیان دەکرد. هەر لەم بەرەیەدا دەسەڵاتێک کە هەموو سامان و خێرو بێرێکی کۆمەڵگەی بەدەستەوەیە کە نەک هونەر، بەڵکو دەتوانێ هونەرمەندیش بکڕێت و هونەر بخاتە خزمەت خۆیەوە و بە سیاسیشی بکات، ئەوەی لێرەدا زەرەرمەند ئەبێت چینی چەوساوە و کەمدەرامەتیی کۆمەڵگەیە، مەبەستەکەش تێکەڵ نەکردنی هونەرو ئەدەبە بە سیاسەتی ئەوانەوە. بایەخ پێدانی ئەم حیکمەتی بێ لایەنییەی هونەرمەندان وئەدیبان، و دوورخستنەوەیان لە زێدی چینایەتی خۆیان و شاردنەوە و پەردەپۆشکردنی فەزاحەتەکانی ئەم سیستەمەیە. سەرمایەداری سیاسەت و دەوڵەتداری بە وەزیفەی خۆی دەزانێ بۆ بە یاساییکردنی چەوساندنەوە، و درێژە بەسیستەمەکەی خۆی بدات، لەبەرامبەر ئەم جیهانە ئاوەژووەدا بە تایبەت لەو وڵاتانەدا کە سیاسەت و ململانێیە چینایەتیەکان تیایدا زۆر گەرمە، هونەرمەند وئەدیبی بە هەڵوێست وشۆڕشگێڕمان زۆرە، کەلەسەر بێمافی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ڕەخنەگربوون وبوونەتە هێزی فشار، هەمیشە سەربازێکی پێشەوەی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان بوون. کاتێک بە هەموو ئەو مێژووە پڕ لە خوێناوییەی هێزە تۆتالیتاریستەکان ئەوان بە هەڵوێست بوون و جەنگاون، سیناریۆی بێلایەنی و سەربەخۆ بوونی هونەرمەند هیچ مانایەکیتر نابەخشێ، جگە لە ناهۆشیاری و تاکڕەوی لە بەرژەوەند پەرستی و خۆبەخاوەن نەزانینی کۆمەڵگە، بەمجۆرە سپاردنی چارەنووسی کۆمەڵگەش بە هەمان کەلتورو سوننەتی باو، کە عەقلییەتی دەسەڵات و چینە داراکان دیارییان کردووە و تیایدا یاسای نێرسالاری وکۆنەپەرستی مەزهەبی ئەو کۆمەڵگەیە بەڕێوە دەبات و ئازادی تیایدا ئەتک کراوە. لەگەڵ هەموو ئەو نایەکسانی وشەڕو بێ ڕەحمییەی کە نیزامی سەرمایەداری بۆ سود و قازانجی خۆی دەیخولقێنێ، ئێمەی ئەدیبان و هونەرمەندان بەنیازین لە یوتۆپیای ویلایەتی بێلایەنیدا هێلانە بۆ خەونەکانمان دروستبکەین؟ هونەرو ئەدەب لەلایەن نوخبەیەک لە قەڵەم فرۆش دوکان وبازاڕی حیزبە سیاسییەکانی پێ دەڕازێنرێتەوە وهەڕاج دەکرێت. لە مەملەکەتی خواکاندا سەربەخۆبوون مانای بێلایەنی یە لە سفرەی خاڵی هەموو ڕۆژەمان لە گەندەڵی و تاڵان وبڕۆییەک لە بەرامبەرمان دەکرێت، نەک تەنها بۆ هونەرمەدان و ئەدیبان، بەڵکو بۆ هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە بێ لایەنی وڕێنە و فریودانە. ئەوە ڕۆشنە که سیاسەت فۆڕمێکی ئیداری کۆمەڵگەیە، بەڵام هونەرو ئەدەب وەک پایەیەکی ئەساسی ئەم کۆمەڵگەیە دەبێت چاودێری کارا وفەعالی ئەو ئیدارەیە بێت و ئاوێنەی چۆنیەتی گێڕانی ئەو ئیدارەیە بێت. لە ئەگەری هەبوونی هەر کێشەیەک و ناعەدالەتیەک لەو ئیدارەیەدا خرۆشا و لەبەرەی خەڵکی زوڵم لێکراودا بێت، هەم ڕەخنەگر بێت هەم بونیات نەر.

**دریژەی هەیە**

کۆتایی ئایاری ٢٠١٩

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...


**ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالح**



# کورد و کورتە شەڕواڵ

## ئارام حەسەن

نیوەڕۆی هەینی ڕابردوو، لەبەر دەرگای ماڵەوە، وەختێ بە پارچەیەک بازە خەریکی پاککردنەوەی جامی ئۆتومبێلەکە بووم، لەوسەری کۆڵان کوڕێکی گەنجم بینی، بە جلوبەرگی کوردی ڕەشەوە بەرەو ڕووم هات، ڕیش و سمێڵێکی سووری تەنکی هێشتبۆوە، شەڕواڵەکەی کورت کورت، کەمێک لەخوار ئەژنۆکانییەوە بوو، ئەوەندە لێی ناشرین بوو، کە جلوبەرگی کوردی پیاوانی لەپێشچاو خستم، هەر زوو زانیم خەڵکی گەڕەک نییە، سەیر ئەوەبوو وەختێ گەیشتە لام بە زمانی عەرەبی سڵاویکرد :ـ "ئەسسەلامو عەلەیکوم "کتوپڕ پێکەنینم هات، هەر بە پێکەنینەوە وەڵامم دایەوە :ـ "نیوەڕۆت باش.. فەرموو "ئێنجا بۆ بەدبەختی، ماڵەکەمان کەوتووەتە نێوان دوو مزگەوتەوە، هەر یەکەیان نزیکەی چوارسەد مەتر لێمان دوورە، دیاربوو کاکەی شەڕواڵ کورت پێکەنینەکەمی بە حەرام لەقەڵەمدا، بۆیە بە ڕقەوە لێیپرسیم :ـ "ئەڵێن دوو مزگەوت لەم ناوە هەیە، کامیان باشترە بچم نوێژی جومعەی لێبکەم "!دیسان پێکەنینم هات... گوتم :ـ "جا مزگەوت چاک و خراپی هەیە؟ "ـ "هەیەتی "ـ "ئاخر چۆن... تێمگەیەنە "ـ "مزگەوتی وا هەیە، لە سوننەتەکانی پێغەمبەر - درووودی خوای لێبێ - لایداوە... سوننەت پێڕەو ناکەن، هی واش هەیە وتاربێژەکەی پیاوی حوکمەتە و نازانێ قسەبکا، بەعزە مزگەوتێک هەیە بووە بە مینبەری بانگخوازە مێبازەکان، بەعزێکیش مەزاهبی عەقائیدی موعتەزیلە و جەبرییە و ئیسماعیلییە و قەدرییە و نازانم چی زیندوو ئەکەنەوە... کوڕە بەخوا بیستوومە مزگەوتی خەواریجەکانیش پەیابووە "ـ "ئەمە لەکوێ... لەم کوردستانە؟ "!ـ "ئەی قابیلە "درێژەم بە قسەکانمدا، گوتم : ـ "ئێستا پێمبڵێ، تۆ بەدوای کام جۆر لەو مزگەوتانەدا ئەگەڕێی؟ "ـ "مزگەوتی سەلەفیی سالیحان "ـ "وەڵڵا کاکە من... نــە سەلەفی و مەلەفی ئەزانم... نــە نوێژ و شتی وا ئەکەم... نــە هاتوچووی مزگەوت... مەگەر تەنگاوبم ئەگینا قەت ناچم... بەڵام وابزانم ئەو مزگەوتەی لای چەپت نزیکترە لەوەی تریان "بەباشی گوێم لەو جنێوە تەڕو خووساوە بوو، کە بە دەستنوێژەوە لەدڵی خۆیدا پێدام، بەڵام خۆم گێلکرد، دواتر سەرێکی بادا، ئیتر بەبێ (بارك الله) یان سوپاسێک بەزمانی مزگەوت، ڕۆیشت و ڕێک بەرەو ئەو مزگەوتە ملینا کە من پێمگوت.



# سێ بەرهەمی هونەرمەندان بێریڤان محەمەد و هیوا سالح











**Berivan Muhammad**

**Hiwa Salih**



گۆشەی ئەدەب و هونەر

# لەخۆمەوە دەترازێم

## هۆنراوەی حەکیم میرزا

لەخۆمەوە دەترازێم
...............
دەترازێم
لەخۆمەوە دەترازێم
لەخۆمەوە دەکەومە خوارەوەو
لەخۆمەوە دەگریم
لەخۆمەوە بیانو بەمردن دەگرم
دەڵێم دەرگاکە لەسەر پشتەو وەرە ژورێ
لەخۆمەوە حەزم لەخواردنەوەی
پێکێك شەرابەو
لەخۆمەوە ئاوێنەکان دەشکێنم
..........
لەخۆمەوە
دەکەومە خوارەوەو لەخۆمەوە
ورد ورد دەبم
حەزم لەخواردنەوەی قاوەیەکە لەگەڵ خۆمدا
ئەمەوێت باسێکی منالی بۆخۆم بگێڕمەوەو
ئەمەوێت سێبەرەکەم کۆکەمەوەو
لەخۆمەوە ئێرە بەجێبێڵم
..............
پیربووم
بیانو بە مردن دەگرم
لەخۆمەوە قسە لەگەڵ خۆم دەکەم
لەخۆمەوە خۆم لەخۆم دەشارمەوەو
لەخۆشمەوە
بەدوای خۆمدا دەگەڕێم
...........
پیر پیر بووم
بیانوو بەدەستەکانم دەگرم
شەوانە دەرگاکە لەسەر خۆم ناکەمەوە
بەخۆم دەڵێم لەکوێبویت بڕۆرەوە بۆئەوێ
لەخۆمەوە دەترازێم
لەخۆمەوە پارچە پارچە دەبم
لەخۆمەوە بادەمبا

.............
لەخۆمەوە سەرخۆش دەبم
لەخۆمەوە فوو لەمۆمەکان دەکەم
لەخۆمەوە چراکان دادەگیرسێنم
لەخۆمەوە گۆرانی دەڵێم
لەخۆمەوە دەمرم
لەخۆمەوە دەڕۆم بۆگۆڕستان

لەخۆمەوە گلەیی لەومردوانەدەکەم کەنەگەڕانەوە
.............
لەخۆمەوە بیری خۆم دەکەم
ئەمەوێت خۆم لەخۆمدا بپێچمەوەو
بەبێ .هیچ شوناسنامەیەك
سەفەرێك بکەم
لەخۆمەوە کراسە کۆنەکەم بە عەلاگەیەکی
مڕو مۆچدا هەڵدەواسم
لەخۆمەوە خۆم دادەگرم
لەخۆمەوە دەمەوێت دابەزم
..........
لەخۆمەوە ڕقم لەخۆمەو
لەخۆمەوە بیانوو بەمردن دەگرم
لەخۆمەوە شەوانە بەدەم خەوەوە قسەلەگەڵ
خۆم دەکەم و
لەخۆمەوە ڕادەچڵەکم
لەخۆمەوە دوگمەی کراسەکەم داناخەم
خۆشم لەخۆمەوە گاڵتە بەخۆم دەکەم
...........
لەخۆمەوە ڕقم لەسەرۆکەو
لەخۆشمەوە خۆشم دەوێت
لەخۆمەوە حەزم لەتەنیایەو
لەخۆشمەوە بێزاردەبم
لەخۆمەوە بیری درواسێ کۆنەکانم .دەکەم
لەخۆمەوە بەکۆڵانەکانی ئەوسادا دادەگەڕێم

لەخۆمەوە دەوەرێم
لەخۆمەوە بادەمبات
لەخۆمەوە سەرخۆش دەبم

لەخۆمەوە حەزم لەگریانەو
...........
لەخۆمەوە حەزدەکەم بمرم و
دوایش بەڕوتو قوتی بگەڕێمەوەو
باسی ئەوێتان بۆبکەم
لەخۆمەوە بەپێخاوسی دەگەڕێم

لەخۆمەوە بیری دایکم دەکەم
لەخۆمەوە خۆم بەگێل دەزانم
لەخۆمەوە حەزدەکەم باران بباریێت و
لەخۆشمەوە حەزدەکەم
زوو خۆشکاتەوە
..........
لەخۆمەوە حەزم لەنوێژی بەیانیەو
لەخۆشمەوە خەو بەخواوە دەبینم
لەخۆمەوە دەبم بەدروێش
لەخۆمەوە خەنجەر بەسەری خۆمدا دادەکوتم
لەخۆمەوە گاڵتە بەخۆم دەکەم
.............
لەخۆمەوە حەزم لەسواربونی
فڕۆکەیەو لەخۆشمەوە زۆر لەمردن دەترسم
لەخۆمەوە دەترازێم
لەخۆمەوە ورد ورد دەبم
لەخۆمەوە خۆم بەسەرخۆمدا هەنگاو دەنێم و
لەخۆمەوە پارچە پارچە دەبم
لەخۆمەوە بۆخۆم دەگریم
...........
٢٠١٩/٥/١٨

## یەکێتیە کرێکاریەکانی ئیتاڵیا، بارکردنی کەشتیەکی سعودیە ڕەتدەکەنەوە، وەک نارەزایەتیەک بۆهێرشەکانی سعودیە بۆ سەر یەمەن.

ڕۆژی ٢شەممە ١٣ی ئایار،٢٠١٩، یەکێتیە کرێکاریەکانی لە ئیتاڵیا بارکردنی موەلیدەی کارەبایان بۆسەر کەشتیە بارهەڵگرەکانی سعودیە کە بارکرابوو بە چەک ڕەتکردەوە، وەک نارەزایەتیەک لەبەرامبەر جەنگی یەمەن.
ئەو کەشتیە بارهەڵگرە بە چەک لە شاری ئەنتۆیربی بەلجیکیەوە هاتبوو. بەڵام نەیانتوانی جارێکیتر چەک باربکەن لە بەندەری لوافری فەرەنسی، ئەوەش دوای نارەزایەتی گروپی مافخوازان لەو وڵاتە.
ڕێکخەرانی ئەو کەمپینە مافخوازانە دەڵێن "چەک پێشێلکردنی ڕێکەوتنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە، چونکە دژ بە خەڵکی سڤیلی یەمەن بەکاردێت لەلایەن هاوپەیمانیەک کە عەرەبستانی سعودی ڕابەرایەتی دەکات لە بەرامبەر حوسیەکان کە سەربەئێرانن و بووەتە هۆی گیان لەدەستدانی هەزاران هاوڵاتی سیڤڵ لەو وڵاتە.
یەکێتیە کرێکاریەکان لە جەنوەی ئیتاڵیاش ڕێگریانکرد لە گەیشتنی ئەو کەشتیە بۆ ئیتاڵیا، بەڵام دەمەو بەیان کەشتیەکە خۆی گەیاندبووە بەندەرەکە و ڕووبەڕووی ژمارەیەکی بچووک لە نارازیان ببوەوە لەسەر شۆستەی کەنارەکان. لەسەر یەکێک لە بانەرەکان نووسرابوو( نا بۆ جەنگ).
کرێکارەکانیش موەلیدەی کارەباکانیان بۆ بار نەکردبوونە سەر کەشتیەکە، گووتیان "سەرەڕای ئەوەی وا تۆمارکرابوو کە بۆ بەکارهێنانی مەدەنیە، بەڵام ڕەنگە لە جەنگی یەمەن بەکاری بێنن".
ڕابەرانی کرێکاری لە ڕاگەیاندراوێکدا دەڵێن "بێدەنگ نابین لەوەی لە یەمەن ڕوودەدات".
بەرپرسەکان جەختیانکردەوە کە موەلیدەکان لەسەر شۆسەی بەندەرەکە دەستبەسەرە، گووتیشیان ئەو کاڵایانەی کە جێگەی ڕەخنە نەبن باردەکرێنە سەر کەشتیەکە.
شایانی ئاماژە پێکردنە کە جەنگی بەردەوامی ٤ ساڵەی یەمەن، بووە هۆی کاولکردنی یەمەن و زووربەی دانیشتوانەکەشی ڕووبەڕووی برسێتی و بێدەرمانی بوون و چاوەڕێی مەرگی لەسەرخۆن.

# هێزی چینی کرێکار لە ڕێکخراوبوون و یەکگرتووبوونیدایە

# هەواڵی ناڕەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان

## ئامادەکردنی شوان عەزیز و ئاراس ڕەشید

### کارگوزارەکانی نایاگاڕا فۆڵس دەست دەدەنە مانگرتن و خۆپیشاندان لە دژی بڕیارێکی بەڕێوەبەرایەتیەکەیان!




بەڕێوەبەرایەتی قاوەخانەکانی فۆڕەست ڕەین لە نایاگاڕا فۆڵس بڕیارێکی دەرکردووە لە دژی بەرژەوەندیەکانی ئەو کرێکارو کارگوزارانەیە کە لەوێدا کار دەکەن.

بەپێی ئەو بڕیارە دەبێت هەموو ئەو بەخشیشەی کە کارگوزارەکان وەریدەگرن لە میوانەکانیان تەسلیم بە بەڕێوەبەرایەتیەکەی بکەن و ئەوانیش هاوبەش بن تێیدا.

هەر لەبەر ئەو هۆیە بوو کە دەوروبەری ٩٥ کەس لە کارگوزار، شوفێری پاس، پێشوازیکەری میوانان و خزمەتکارانی ناو قاوەخانەکان کارەکانیان ڕاگرت و دەستیان دایە مانگرتن و خۆپیشاندان. جێگەی باسە کە مانگرتن و خۆپیشاندانەکانیان لە مانگی نیسانەوە بەردەوامە و تاکو بەرواری ئەم ڕاپۆرتەش ئەوان وازیان لە چالاکی و خۆپیشاندانەکانیان نەهێناوە.

بە پێی لێدوانی ئەنجومەنی یونایتد کەنەدا، کرێکارەکان و تەواوی کارگوزارەکان ناڕازین بەو بڕیارەی سەروی خۆیان. ئەوان بەهیچ شێوەیەک ناچنە ژێرباری ئەو بڕیارەی بەڕێوەبەرایتیەکەیان. ئەوان نایانەوێت ئەو بەخشیشەی کە لە میوانان وەریدەگرن و میوانان پێیان دەدەن نیواو نیو بەشی بکەن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکەیان.

جێگەی باسە کە تەنها ئەو کارگوزارانە بەخشیش وەردەگرن لە میوانان کە لەناو قاوەخانەکاندا خزمەتگوزاری ڕاستەوخۆ بە میوانان پێشکەش دەکەن. ئەوانە ڕۆژانە لەو بەخشیشە بەشی ئەو کارگوزارو کرێکارانەیان داوە کە بێبەش بوون لە بەخشیشی میوانان. بۆ نموونە شوفێری پاسەکان. بەڵام ئێستا بە پێی ئەو بڕیارە دەبێت بەشی بەڕێوەبەرایەتیکەشیانی لێ بدەن.

هەندێک لەو کارگوزارانە دەڵێن "ئێمە تاکو ئێستا ڕۆژانە نزیکەی ٤٥ دۆلارمان داوە بە هاوڕێکانی خۆمان کە شوێنی کارکردنیان وای کردووە ئەوان بێبەش بن لە بەخشش.. بەڵام ئێستا دەبێت دوقاتی بکەین. واتە دەبێت ئەوندەی تریش ٤٥ دۆلاری تریش بدەین بە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان و ئەوەش مایەی قەبوڵ نییەو ئێمە نایدەین."

کرێکارێک بۆ میدیاکان ئاشکرای کردووە کە لەلایەن سەرووی خۆیانەوە پێیان ڕاگەیەنراوە: "دەبێت ئەو بەخشیشە بەش بکەن لەگەڵ سەرووی خۆیان ئەگەر بیانەوێت لەسەرکارەکەیان بەردەوام بن. واتە ئەگەر نەیدەین ئەوە لەسەرکار دەردەکرێین"

جێگەی باسە کە لەساڵی ڕابردووەوە لانی کەمی کار بە پێی فەرمانی دەوڵەت بەرزکراوەتەوە.

هەر بۆیە خاوەنکارەکان ئەو جۆرە بیانوانە درووست دەکەن لە دژی کرێکاران.

### دانیشتوانی ساوارا پانچەیات لە ناوچەی چیلی لە کشمیری هیندوستان بە خۆپیشاندان ڕێگاکان دادەخەن!

بەپێی هەواڵێکی تۆڕی میدیایی ترایبیونی هیندی، تێکڕای دانیشتوانی ساوارا دێنەدەر لە ماڵەکانیان و تەواوی ڕێگاو بان و ڕێگا سەرەکیەکان دادەخەن.

سەرچاوەکە لە دەمی هەندێک لە دانیشتوانەوە کە بۆ ترایبیون لێدوانیان داوە دەڵێت: دانیشتوانی ساوارا بۆ ئەو خۆپیشاندانەیان دەست پێکردووە؟ چونکە ئەوە بۆ ماوەی ٣ ساڵ دەچێت ئەوان کرێی ئەو کارەیان وەنەگرتووە کە بە پێی یاسا دەبوایە پێیان بدرایە.

جێگەی باسە کە دانیشتوانی ساوارا بە پێی یاسای مەهاتما غاندی بۆ هاوکاری شوێنە دوورە دەست و لادێیەکان وا بۆ ماوەی ٣ ساڵ دەچێت کرێی کاریان بە پێی ئەو یاسایە وەرنەگرتووە. ئەمەش دانیشتوانی ساوارای تورە کردووە و هەر بۆیەش خۆپیشاندانیان ئەنجام داوە.

منیر خان یەکێک لە ئەندامانی بەشێکی ئەو ناوچەیە دەڵێت "لە ساڵی ٢٠١٦ وە ئێمە بە پێی یاسای مەهاتما غاندی پارەمان وەرنەگرتووە. ئەی باشە ئێمە چی بدەین بە خواردن بۆ منداڵەکانمان. ئەگەر دەوڵەت ئەو کێشەیە بۆ ئێمە چارەسەر نەکات ئەوە ئێمە ناچارین درێژە بە داخستنی ڕێگا سەرەکیەکان بدەین تاوەکو دەوڵەت دێتەسەر خەت".

جێگەی باسە هەندێک لە بەرپرسانی ناوچەکە هاتوونەتە سەرخەت و دەستیان کردووە بە لێکۆڵینەوە بۆ ئەوەی بزانن هەتا کوێ ئەو قسانەی لادێنشینەکان ڕاستە. تاکو بزانن ئاخۆ بەڕاست ٣ ساڵە ئەو لادێنشینانە بە پیی یاسای ماهاتما غاندی بۆ لادێ و ناوچە دوورەدەستەکان پارەی کاریان وەرنەگرتووە؟.




### کرێکارانی شەریکەی هیوندای بۆ پێشەسازیە قورسەکان خۆپیشاندان و مانگرتنێکی گشتگیر دەست پێدەکەن!

کرێکارەکانی سەر بە سەندیکا لە شەریکەی هیوندای بۆ پیشەسازیە قورسەکان، مانگرتن و کار ڕاگرتنێکی ٤ کاتژمێریان ئەنجامدا لە بەردەم ئۆفیسی سەرەکی هیوندای لە سیۆلی پایتەختی کۆریای باشوور. خۆپیشاندانەکە بۆیە ئەنجامدرا، چونکە شەریکەی هیوندای لەبەرنامەیدایە کە نیوەی شەریکەکەی تێکەڵ بکات لەگەڵ شەریکەیەکی بچووکی ناوخۆیی درووستکردنی کەشتی.

جێگەی باسە کە بە سەدان لە کرێکارانی گرووپی چەتری کار سەر بە سەندیکای کرێکارانی ئاسنی کۆریا هاتنە ناو ڕیزی کرێکارە مانگرتووەکانی شەریکەی هیوندایەوە.

ئەو کرێکارانەش کە مابوونەوە لە ناو شەریکەی هیوندای لە ئۆلسان کە ٢٤٨ میل لە پایتەختەوە دوورە ئەوانیش چەکوچ و ئامڕازەکانی کاریان فڕێداو شوێنی کارکردنیان بەجێهێشت.

ئەو سەندیکایە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ مانگرتن و کار ڕاکرتنی ٤ کاتژمێری ئەنجامدا. کرێکارەکانی سەر بەشەریکەی هیوندای ناڕازین و نایانەوێت بەشێک لە شەریکەکەیان تێکەڵ بە شەریکەی دروستکردنی کەشتی بکرێت.

تاکو ئێستا هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی لە بەرژەوەندی کرێکارە مانگرتووەکان دەرنەکەوتووە. هەروەها بەرپرسانیش سوورن لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامەکەیان بۆ تێکەڵاوکردنی نیوەی شەریکەی هیوندای لەگەڵ شەریکەی ناوخۆیی درووستکردنی کەشتی.

### کرێکارەکانی ماکدۆناڵد لە سەرتاسەری شارەکانی ئەمەریکادا ماندەگرن و سیناتۆرێکی ئەمەریکاش پشتگیریان دەکات.!

کرێکارەکانی ماکدۆنالد لە زۆرێک لە شارە گەورەکانی ئەمەریکادا ماندەگرن و لە شوێنەکانی کارکردنیان دێنە دەرەوە و کارەکانیان ڕادەگرن.

مەبەست و هۆی مانگرتنی کرێکارەکان بۆ ئەوە بووە کە : ١-




لانی کەمی سەعاتکاریان بۆ ١٥ دۆلار بۆ بەرزبکرێتەوە. ٢- مافی پێکهینان و دامەزراندنی سەندیکا و ئیتیحادیەی کرێکاریان پێبدرێت. ٣- ڕێگا لە توندوتیژی لەبەرامبەریان بگیرێت و لەو ڕووەوە کاری جددی بکرێت بۆ پاراستنیان لە توندوتیژی. ٤- هەروەها گێچەڵی سێکسیان پێنەکرێت و ڕێ لە هەر جۆرە گێچەڵێک پێیان بگیرێت.

جێگەی باسە کە سیناتۆر بێرنی ساندەرز کە کاندیدە بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢٠دا لە تەواوی کامپینەکانیدا لە سەرتاسەری ئەمەریکادا پشتگیری خۆی لەو داوایانەی کرێکاران نیشانداوە.

پێشتریش ئەو سیناتۆرە پشتگیری خۆی نیشانداوە بۆ مانگرتنەکانی کرێکارانی سەر بە ئەمازۆن، هێڵی ئاسمانی دەڵتا، دیسنی، شەریکەی جێنەڕەڵ مۆتۆڕ، وابتێک، نیسان و هەروەها مانگرتنەکانی مامۆستایان. هەروەها هەر لەم دواییانەشدا هەر ئەو سیناتۆرە پشتگیری خۆی ڕاگەیاند بۆ مانگرتنەکانی کرێکارانی سەربە زانکۆی کالیفۆڕنیا کە لەسەرەتای ئەم مانگەدا ڕۆژێکی تەواو کارەکانیان ڕاگرت.

هەروەک کرێکارە مانگرتووەکان ڕای دەگەێنن و پرسیار دەکەن و دەڵێن: بۆچی کۆمپانیای ئەمازۆن لانی کەمی کرێی کردووە بە ١٥ دۆلار لە سەعاتێکدا و ماکدۆناڵد نایەوێت بیکات؟

کرێکارێک دەڵێت "من وا بۆ ماوەی ١١ ساڵ دەچێت لە ماکدۆناڵد کاردەکەم. من سەرەتا سەعاتی بە ٧ دۆلارو ١١ سەنت کارم دەست پێکرد. ئێستا دوای ١١ ساڵ سەعاتکارم بۆتە ٩ دۆلار لە سەعاتێکدا"!

شایەنی باسە بە پێی ئامارەکانی پۆلیس دەربارەی گێچەڵی سێکسی لەبەرامبەر کرێکارانی ژندا زیاتر لە چێشتخانەکانی ماکدۆناڵدا ڕوو دەدەن.

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# گفتوگۆی بڵاوکراوەی داروگ لەگەڵ مەنسور حیکمەت سەبارەت بە مافەکانی منالان

## وەرگێرانی لەفارسییەوە: کاوە عومەر



سەوسەن بەهاری: سڵاو، هەروەها سوپاس کە بانگهێشتی "داروگ" تان بۆ ئەنجامدانی ئەم چاوپێکەوتنە قبوڵکرد.

مەنسور حیکمەت زۆر سوپاس بۆ بانگهێشتنەکەتان و هەروەها پێش هەمووشتێک هیوای سەرکەوتن بۆ خوێنەرانی بڵاوکراوەی پڕخوێنەری "داروگ" ئەخوازم.

**سەوسەن بەهاری: ئێوە لەبەرنامەی" دنیایەکی باشتر"،بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراندا بەشێکتان تایبەت کردوە بە مافەکانی مندالان، ئەگەر دەکرێت دەتوانن هۆکاری ئەم بابەتە ڕوون بکەنەوە؟**

**مەنسور حیکمەت:** منداڵان و تازەلاوان یەکێک لە بێبەشترین و بێ مافترین بەشەکانی کۆمەڵگەن. قوربانیانی بێدەنگکراوی ڕژیمی کۆمەڵایەتی ملهوڕو نایەکسانی ئێستان. لە زۆربەی کۆمەڵگەکان و هەتا لەم ئەوروپا ڕۆژئاواییە بەناو پێشکەوتوەدا، بۆزۆرکەس هەر ئەوەی کە مندال مافێکی قابیلی پێشێل نەکراویان هەیە، وە باوک ودایک وخێزان و قوتابخانە وە بەگشتی دونیای گەورە سالان هەرکارێک کە دەیەوێ نەتوانێت بە ئەوی بکات، جێگای پەسندکردن نییە. لە بەشێکی زۆری جیهان، منداڵان لە تەمەنێکی زۆر کەمەوە دەخەنە بەر کار و بەهەزارو یەک شێوە ڕوبەڕوی چەوسانەوە و بەهەڵە سودلێوەرگرتنیان ئەکەنەوە. وە تازە لەو جێگایانەشی کە یاسایەک هەیە کە کەمێک پێش بەم کارە قێزەونانە دەگرێت، هێشتا منداڵ لە ماڵ و قوتابخانە توندوتیژی ئەبیستێ و ئەشکەنجە ئەدرێ. بیری لێبکەرەوە، لێدان وشەڕکردن و ترساندنی منداڵ، برسیکردن و زیندانیکردنی، هەر لە ئەم ئەوروپای ڕۆژئاوایەدا لە ژێرناوی پەروەردەی منداڵدا برەوی هەیە وە باوک ودایکان و زۆرێک لە قوتابخانەکان ئەم توندوتیژیە لە دژی منداڵان بە مافێکی خۆیان دەزانن. لەم تێڕوانینەوە منداڵان هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ خەڵکی بەشمەینەتدا نییە، ئەبێت بۆ ئازادکردنیان هەوڵبدرێت وە هیچ حزبێکی سیاسی ناتوانێت خۆی بە لایەنگری ئازادی و ماف و یەکسانی بزانێت، بەبێ ئەوەی زۆر ڕۆشن و لێبڕاوانە لەپیناو مافەکانی منالاندا خەبات بکات. من وەک خۆم وابیر دەکەمەوە **بۆئەوەی ئازادیخوازی هەر کەس، چ تاک، چ حیزب وە چ دەوڵەت، باشتر بناسین ئەبێت بەر لە هەر شتیک سەیری ڕەفتاریان بکەین لەگەڵ منداڵاندا.**

**سەوسەن بەهاری: ئایا ئەم مافانە هەر ئەمڕۆ بۆ هەموو منداڵانی جیهان لەبەرچاودەگریت؟**

**مەنسوور حیکمەت:** بە دلنیاییەوە، بەبێ هیچ تێبینی و ئەگەر و ئەمایەک. ئەوەی کە ئێستا ئێمە لەبەرنامەدا نوسیومانە هێشتا هەنوکەیترین داخوازییە لانی کەمەکانی ئێمەیە. زۆر کاری زیاتر هەیە کە بۆ گەیشتنی منداڵان بە مافەکانیان وە بەهرەمەندبونیان لە ژیانێکی شاد و داهێنەرانە ئەبێت ئەنجام بدرێت.

**سەوسەن بەهاری: بۆ ئەوەی کە منداڵان ئەم مافانە بەدەست بهێنن، بە بۆچونی ئێوە چی کارێک ئەتوانرێت بکرێت وەیان ئەبێت بکرێت؟**

**مەنسوور حیکمەت:** ئەمە پرسیارێکی گرانە. لەبەرئەوەی کە کارگەلێکی زۆر هەن کە ئەبێت بکرێن. ئاشکرایە کە هەموو سیستمی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەمڕۆی جیهان کە بنەماکەی پارەپەرستی و قازانج پەرستی کەمینەیەکی بچوکە، ڕیشەی هەموو بێمافیەکان و بەشمەینەتیەکانی خەڵکە وە هەروەها منداڵانیش. ئەبێت ئەو سیستمە بگۆڕین و یەک دنیای باشتر لەجێگایدا دروست بکەین. باشە، ئەوانەی کە سود لەم سیستەمە وەردەگرن، بە زمانی خۆش ڕێگەنادەن کە ئەم کارە بکەین. ئەوان دەوڵەتیان هەیە، سوپایان هەیە، کلیسا و مزگەوت و زیندانیان هەیە، تەلەفیزیۆنیان هەیە، کەشیشیان هەیە، مەلایان هەیە و ڕیگای ئازادی منداڵان دەگرن. ئەبێ ئەوانە هەموویان بخەینە لاوەو شکستیان پێبهێنین. وە ئەمە خەباتێکە کە مرۆڤە چاک و شەریفەکانی جیهان هەموو ڕۆژێک سەرقاڵن پێوەی، بەڵام بێبەشی منداڵان هۆکاری تریشی هەیە، یەکێک لە گرنگترینی ئەوانە ناوشیاری ودواکەوتویی و دەمارگیری دایکان وباوکان وخێزانەکان و گەورەسالانێکە کە بۆنمونە بڕیارە خۆشەویست وپارێزەری منداڵان بن. لە هەندێ شوێن تەنانەت کاتێک کۆمەڵگەو دەوڵەت هەندێک مافی منداڵان دان پێدائەنێن، هێشتا دەمارگیری ئاینی و بیروباوەڕی باوی خودی خێزانەکان، منداڵەکان لە مافەکانیان بێبەش دەکات. هەر بەو دەلیلە بۆ ئەوەی مافەکانی منالان بەدەست بهێنین ئەبێت خەباتیش بکەین لە دژی ئەم دواکەوتویی و دەمارگیریانە.

بۆئەوەی ئازادیخوازی هەر کەس، چ تاك، چ حیزب وە چ دەوڵەت، باشتر بناسین ئەبێت بەر لە هەر شتیك سەیری ڕەفتاریان بکەین لەگەڵ منداڵاندا.

**سەوسەن بەهاری: هەندێک لە گەورە ساڵان دژی بەشداربوونی منداڵان خۆیانن لە کەمپینەکانی خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی منداڵان، بەڵام بە هەمان شێوە هەر وەک ئەزانی (وە "داروگ " وەک بەشێک لەوە ئەوەی نیشانداوە) ڕاستیە تاڵەکانی کاری منالان و هەزاران کێشەی تر، بەکردەوە زۆرێک لەوانی کێش کردوەتە ناو ئەم خەباتە. بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییەو چ ڕێنوێنیەکتان هەیە؟**

**مەنسوور حیکمەت:** منداڵان کە خۆیان قوربانی ستەم و بێمافی و چەوساندنەوەن، وەک ملیۆنان منداڵ کە بە کرێیەکی کەم و لە هەلومەرجێکی خراپدا کاردەکەن، یان کچانی خێزانە دەمارگیریە ئیسلامیەکان کە ڕێگای ژیانێکی ئاساییان لێدەبەستن، بەدڵنیاییەوە ئەبێت نارەزایەتی دەربڕن وە دەریشی ئەبڕن. بەڵام بە بۆچونی من، ئەمە لەگەڵ ڕاکێشانی منداڵان لە وڵاتانی وەک سوید بۆ ناو کۆبونەوە سیاسیەکان ومانگرتن و خۆپیشاندانەکان زۆر جیاوازی هەیە. من لەگەڵ ئەوەی دووهەم زۆر ناکۆکم. بە بڕوای من باوک ودایکان و قوتابخانەکان وگەورەکان نابێت منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی پەلکێش بکەن بۆ ناو هەڵسوڕانی سیاسی و حیزبی وکۆڕوکۆبونەوەکانی خۆیان. ئەمە سەربەخۆ لە بۆچوونی سیاسی دایک وباوک، جۆرێکە لە مێشک شۆردنەوە. لەوانەیە بۆ هەندێک ئەوەی کە باوک و دایکێک لە خۆپیشاندانەکاندا وێنەی مارکس ولینین یان نیلسۆن ماندیلا و ئیقباڵ مەسیح بدەنە دەست منالەکانیان، وەک کارێکی زۆر پێشکەوتنخوازانە بێتە پێشچاو، بەڵام ئەو منداڵە هەر بەو ئەندازەیە لەژێر کاریگەری دایکان وباوکان و گەورەکاندا و بێ سەربەخۆیی ئەندێشە ئەو کارەی کردوە، کە منالانیک لەلایەن سقاستیکاوە (خاچە شکاوەکەی فاشیستەکانی) لکاندوە بە باڵیانەوە و (لا اله الا الله) لەناوچەوانیان دەنووسن. وە باوەڕ بەوە دەکەی کە ئەمەی دووهەمەیان زۆر جێگای نیگەرانییە. من دژی ڕاکێشانی منداڵانم بۆ ناو جوڵانەوە سیاسی و ئاینیەکان. بەرنامەی حیزبی ئێمە زۆر بەڕۆشنی بردنی منالانی بۆ ئەو جۆرە کۆبونەوە و گربونەوە مەزهەبیانە ڕەتکردۆتەوە. بە بڕوای من ئەو دایک وباوکانەی کە ئەیانەوێت منداڵەکەیان ئازادیخواز وئازاد وەباربهێنن، پێویستە ئامڕازی سەربەخۆیی بیرکردنەوەیان بدەنێ، پیویستە کەشێکی ئازادو ئازادی بیرکردنەوەی بۆ فەراهەم بکەن. پێویستە بیروباوەڕە خورافی و باوەڕە باوەکان (سونەتی) و گوشاری مێشک شۆردنی سیستەمی پەروەردەیی و ڕاگەیاندنەکان لە قسەوباسەکانی خۆیدا لە کردەوەی ڕۆژانەی خۆیدا لە بەرچاوی ئەودا ڕەخنەی لێبگریت وە لەهەمان کاتدا داوا لە ئەو بکەیت کە بیربکاتەوە، ببینێت، بپرسێت وە لە دۆزینەوەی بۆچوونی کۆتایی خۆی پەلە نەکات. مەسەلەیەکی تر بە بڕوای من ئەوەیە کە پیشاندانی هەموو ڕەشیەکانی دنیا، تەواوی زوڵمەکان، تەواوی سەختیەکان و خراپەکان بە منداڵان کارێکی دروست نییە. نابێت دنیایی گەشبین وپڕ ئومێدی منداڵان تێک بدەین. بە بڕوای من منداڵی "زۆر سیاسی" بە گریمانەیەکی زۆر گەورەیەکی لا موبالاتی لێ پەیدادەبێت. گۆشەیەکی هەوڵی مرۆڤ بۆ گۆڕینی جیهان، هاتنی بەردەوامی نەوەیەکی نوێیە بۆ دونیایەک کە نایەکسانی و دواکەوتویی بۆیان زۆر ڕاچڵەکێنەرە و جێگای پەسندیان نییە. چ میهرەبانییەکی تێدایە کە ئێمە پێش منداڵەکان ڕەسمیەت بدەین بەم وێنە ڕەشە.

**سەوسەن بەهاری: ڕێکەوتنامەی مافەکانی منداڵان، ١٨ ساڵی وەک تەمەنی منداڵی دیاری کردوە و ئەنجامدانی کاری پیشەیی بۆ منداڵانی خوار ١٨ ساڵ بە ڕێگە پێنەدراو داناوە، لە کاتێکدا لە بەرنامەی حیزبدا ئەم تەمەنە بە ١٦ ساڵ دانراوە. هەڵبەت بەبۆچونی من ١٦ ساڵ بڕیاری بەشداری منداڵان لە ژیانی کۆمەڵایەتی، هەڵبژاردن و ... ئاسان ئەکات، بەڵام لە لایەکی ترەوە بە بۆچونی زۆریک لە پزیشکان و شارەزایان، توانای جسمی بۆ کاری پیشەیی لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا کامڵ ئەبێت، بۆچونی ئێوە لەو بارەوە چییە؟**

**مەنسوور حیکمەت:** بە بۆچونی من تەمەنی یاسایی ١٦ساڵ بۆ دنیای ئەمڕۆ زۆر گونجاوترە. لاوێکی ١٦ ساڵەی ئەمڕۆ، قەبارەیەکی زۆر گەورەتری لە زانست و زانیاری و هەواڵ بە بەراورد لەگەڵ لاوێکی ١٨ ساڵەی دوو دەیە لەمەو پێشدا لە ئەندێشەی خۆیدا پاش و پێش دەکات. لە بواری زانستیشدا چالاکتر و دەرگیرترە، خاوەن بۆچونی زیاترە. لە ڕوی ڕەوشت و ڕۆشنبیریەوە سەربەخۆترە، ئاشکرایە کە ئەبێت کار و سەعاتکاری لاوێکی ١٦ساڵە، هەتا یەک لاوی ١٨ ساڵە، ئەبێت لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی لەش و لاریدا گونجاو بێت. بەڵام لە رۆژگاری ئەمرۆدا خودی مۆڵەتدان بە چوونە ناو کۆمەڵگە و جیهانی سیاسەت و چالاکی ئابوری لە ١٦ ساڵیدا گونجاوتر دێتەپێش چاو.

**وەرگێڕانی:کاوە عومەر**

**پێداچوونەوەی: هیوا ئەحمەد**

**سەرچاوە:**

**بڵاوکراوەی "داروگ"، ژمارە ٥ ساڵی دووەم – نۆڤەمبەری ١٩٩٨.**

# نان، کار، ئازادی حکومەتی شوورایی

عبدالرحمن رسول



که له دایک دەبین وەکو مرۆڤ لەدایک دەبین، بەڵام دوایی لەدایک بوونمان بەش دەکرێن ولەتمان دەکەن بەگژ یەکترماندا دەکەن بەبێ خواست وداواکاری خۆمان، که گەورەبووین ئەم بەش بەش بوون و لەت بوونی مرۆڤ بوونمان گەورەترین کێشە و قەیران و نەهامەتی شەڕو ئاوارەیی و کۆمەڵکوژی و تیرۆر و کوشتن ساز دەکرێت لەسەر لاشەی مرۆڤ بوونمان. سەرجەم کێشە و قەیران و نەهامەتی و جیاکارییەکانیش بەدەستی خودی مرۆڤەکان خۆیان ساز دەکرێت بەبیانوی گرینگی وپاراستن و پیرۆزبوونی ئایین ونەتەوە وبیروباوەڕی کۆنەپەرستانە ودژەبەشەریانە که له پێناوی سوود وبەرژەوەندی کەمینەیەک له خێڵ و حیزب ونەتەوەوئایین که بەزۆر بەبێ خواستی ئەو نەتەوەو خێڵ و ئایینداران‌ە خۆیان کردۆتە سەرۆک و دەم ڕاستی خەڵک، زۆرینەی خەڵکیش کراوەتە کۆیلە و چەوساوە وبەندەیان. لەمێژوویی مرۆڤایەتی لەقۆناغی ئێستادا کۆمەڵگەکان دابەش کراون مرۆڤەکان لەڕوویی مرۆڤایەتی بوونەوە داماڵێندراون و بەشبەش کراون لەجۆری خێڵ و نەتەوە و ڕەگەز و ئایینەکان. لەسەردەمی قۆناغی کومەڵگەی سەرەتایی بە هیچ جۆرێک دابەشکاری نەبووە لەنێوان مرۆڤەکاندا هیچ جۆرە نەتەوە و ئاینێک بوونی نەبووە، هەر بەوهۆیشەوە نە کار دابەشکردنێک و نە ستەمی چینایەتی بوونی نەبووە. بەپێی قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵگە دواتر گۆڕانکاری بەسەر جۆری ژیان و گوزەرانی مرۆڤەکاندا هاتووە. لە قۆناغی کۆیلایەتیدا بەو هۆیەوە کاردابەش کردن، قازانج، جیاوازی چینایەتی دروست بوو، ستەمی چینایەتیش بوو بە واقعیەتی کۆمەڵگە. دابەشکاری دەستی پێکرد و کڕین و فرۆشتنی مرۆڤەکان هاتە کایەوە، خاوەن کۆیلەکان هەموو دەسەڵاتێکیان هەبووە و سەرجەم داهاتی کۆمەڵگە بەدەست خۆیانەوە بووە، کڕین و فرۆشتنیش بە کۆیلەکان کراوە. لەقۆناغی دەرەبەگایەتیدا دیسان بەگ و ئاغان و سەرۆک عەشیرەتەکان جێگای خاوەن کۆیلەکانیان گرتۆتەوەو هەرچی داهاتی ماددی پارەو سامان و پوڵ هەبووە لەگەڵ لایەنی مەعنەوی کۆمەڵگە وەکو ئایین و بیروباوەڕو فکرەکان و یاساکان لەبەرژەوەندی و سوودی بەگ و ئاغاکان و شێخ وسەرۆک خێڵ بەکارهاتووە، دامەزراوەی دەوڵەتیش لەپێناوی پاراستی سوودو بەرژوەندی خێڵ و شێخ و ئاغاکان دامەزراوە. زۆرینەی داهاتی کۆمەڵگە لەڕویی ماددی ومەعنەوی بۆ کەمینەی کۆمەڵگە سوودی لێ وەرگیراوە، زۆرینەی خەڵکیش لەهەژاری و بێکاری و ئاوارەیدا ژیاون. بەگ و ئاغان و شێخەکان بەتاڵانکردن و باجی زۆری سەر جوتیاران ڕانەوەستان، بەڵکو هەر ژن وکچێکیشیان بەدڵ بایە بۆخۆیان ڕاپێچ دەکرد بەزۆر مەلا و موبەلیغانی ئایینەکانیش کار ئاسانیان بۆ دەکردن بۆ دەست بەسەرداگرتنی ماددی و



مەعنەوی و کامە ژن و کچەیان بە دڵبایە بەزۆر دەستیان بەسەر دا دەگرت، تەنانەت زۆرجار هەبووە ژنە هاوسەری هەبووە بەزۆر بە کابرایان تەڵاق داوە ئاغا و بەگ و شێخەکان و بەرپرسەکان دەستیان بەسەردا گرتووە. ئەگەر سەیری مێژوویی قۆناغی دەسەڵاتدارێتی میرو سوڵتان و بەگ وئاغاو شێخەکان بکەین باشتر ئەو قۆناغ و ڕاستییە دەزانین. لەگەڵ گەشەی سەرمایەداری دیسان کۆمەڵگە دابەشکرایەوە بەجۆرێکی لەشێوازدا، بەڵام لەناوەڕۆکدا هەروەک ڕابردوو کۆمەڵگەیی مرۆڤایەتی بەسەر چەند چین و نەتەوە و ئایین و خێڵ و ناوچەیەک دابەشکرایەوە بەپێی بەرژەوەندی و سوودی سیستەمی دەسەڵاتدار و چەوسێنەر. ئەگەر توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسییانە بۆ کۆمەڵگەی ئێستا بکرێت زۆر بەباشی پاشماوەکانی قۆناغی دەرەبەگایەتی دەبیندرێت لە هەندێک شوێنی وەک کوردستان لەلایەن حیزبەکانی دەسەڵاتدارەوە بەئاشکرا بانگەشە و هاوکارن بۆ دووبارە هێنانەوەو ژیاننەوەی سوونەت و سیستەمە خێڵایەتی وعەشیرەتییەکان، بەتایبەت لەبواری بەپیرۆز ڕاگرتن وهێشتنەوەی سەرۆکی خێڵ لەناو سیستەمی خێڵایەتیدا، ئەمەش بۆئەوەیە کە سەرۆکی خێڵ پشتیوان و هاوکارە لەمانەوەی سەرۆکی حیزب بەپێی سیستەمی خێڵ، کە لەدوای خۆی کوڕەکانی دەبنەوە سەرۆکی خێڵ، لەحیزبشدا کوڕی سەرۆکی حیزب دەبنەوە سەرۆکی حیزب، ئەم جۆرە سیستەمە گوزراوەتەوە بۆناو دامەزراوەی حکومەتیش، کەسەیری بەرپرسانی دەوڵەت و حکومەت لە عێراق و ئێران کوردستان بکەین زۆرێک لەخزم و کەسە نزیکەکانی خێزانیان وەکو کوڕو ئامۆزا و خاڵۆزاو پورزا و هیتد، لەدەوری خۆیان کۆکردۆتەوە و پۆست و پلەی ئیداری وحیزبیان پێداون و بە پارەیەکی زۆر خانەنشین کراون و بوونە بازرگان و سەرمایەداری کۆمەڵگە. هەر ئەو کۆمەڵەش زۆرینەی خەڵکەکەی گیرۆدەی هەژاری و بێکاری و ئاوارەیی و چەندەها گرفت وکێشە وقەیرانی جۆراوجۆری تر کردۆتەوە. چارەسەر بۆ کۆمەڵگەیەکی بەوجۆرە پێویستە کۆمەڵگە ڕێکبخرێتەوە کە بەجۆرێک لەبەرژەوەندی زۆرینە دابێت بۆئەمەش کەواتە لەپێناوی مانەوەمان و ئاسوودەیی هەموو مرۆڤەکان کۆکردنەوەو بنیادنانەوەی بەش بەشێنی مرۆڤ بوونمانە، بۆئەوەی لەجێگەی تاوان وکوشتن و زیندان و ئەشکەنجەو بێمافییەکان مرۆڤایەتی مرۆڤ بوونمان دابمەزرێنینەوە و بنیادبنێینەوە.

بۆچی کار؟ ئەرکی سیستەمی دەوڵەت پێویستە کە کار بۆسەرجەم ئەو مرۆڤەکانی سەرووی ١٨سالّ دابین بکات. دابینکردنی کاریش لەگەڵ جێبەجێکردنی سەرجەم ماف وپێداویستی یە ماددی ومەعنەوییەکانی کرێکار و فەرمانبەر. بۆچی ئازادی؟ لەبەرئەوەی لەزۆرێک لەکۆمەڵگەکانی جیهان بەتایبەتی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی تریش لە کۆمەڵگایی ئێران و عێراق و تورکیا و سوریاو کوردستان بەئاشکرا ماف و ئازادییەکان پێشێل دەکرێ و مرۆڤە ناڕازی و ئارادیخوازەکان سەرکوت دەکرێن و زیندانی دەکرێن و ئازار وئەشکەنجە دەدرێن و لەسێدارە دەدرێن. ئەرکی هەر سیستەمێکی مەدەنی و شارستانییە کە ئازادی بێقەیدوشەرتی سیاسی بۆ سەرجەم مرۆڤەکانی کومەڵگە دابین بکات. ناکرێت هیچ کەسێک لەسەر خستنەڕووی ڕەخنە و پێشنیار وبابەتی سیاسی و ڕێکخراوبوون و نارەزاییەتی و خۆپیشاندان و ڕێپێوان زیندانی بکرێت و ئازار وئەشکەنجە بدرێت. حکومەتی شوورایی بۆچی؟ لەبەرئەوەی سەرجەم حکومەت وسیستەمەکانی دینی وقەومی ومەلیکی وپاشایی وشانشایی لەسەربنەمایی جیاوازی چینایەتی و چەوسانەوە دامەزراون، مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان بەدروستی و مرۆڤایەتی دابین نەکراوە. بەردەوام زۆرینەی مرۆڤەکانی کۆمەڵگەکەیان بەزۆر ڕاپێچی چەوسانەوە و هەژاری وئاوارەیی وبێخانەولانەیی کردووە، بەردەوام گەشە بەبێکاری و هەژاری وکێشەو قەیرانەکانی کۆمەڵگە دراوە. حکومەتی شوورایی واتە حکومەتی زۆرینەی کۆمەڵگە کە بە نوێنەرایەتی شووراکان و چاودێری خودی خەڵک خۆی سیستەم و حکومەت دادەمەزرێت و یاسا وسیستەم دادەندرێت. شوراکانیش لەلایەن خەڵکی گەڕەک و ناوەندەکانی کارکردن و شوێنی ژیانی خەڵک لەلادێیەکان و گەڕەکی شارەکان بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی خەڵک هەڵدەبژێردرێن و دەچنە ناوەندەکانی بڕیاردان وبەڕێوەبردنی شارەکان، بەمانایەکی تر ئەم جۆرە دەسەڵاتە جۆرێکی خۆبەڕێوەبردنی خەڵکە بەجۆرێکی دیموکراتی و ئازادانەی ڕاستەقینەی لەخوارەوە، دوور لەفریودان وفێڵ کردن. شووراکانیش نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکن هەرکاتێکیش کەم تەرخەم بوون یان هەڵە، یاخود نەیان توانی وەکو پێویست بەڵێنەکان وبڕیارو ڕاسپاردەکان جێبەجێ بکەن زۆر بەئاسانی لەلایەن خودی خەڵکەوە لادەچن و کەسانی تر جێگایان دەگرنەوە، بەپێچەوانەی ئەندام پەرلەمانەکانی حیزبەکانەوە کە بۆ چوارساڵ هەڵدەبژێردرێن، بەڵام هەتاوەکو چوارساڵ تەواونەبن لاناچن ئەگەرچی کە چوارساڵیش تەواو دەکەن خانەنیشین دەکرێن بەپارەوپوڵی زۆر، شووراکان ماوەکەیان دیاریکراوە لەدووسال یان سێ ساڵ بەبێ موچەو پوڵی زۆر وخانەنشینی زۆر. پێویستە ئەوەش بزاندرێت ناکرێت هەڵبژاردنی شووراکان حیزبایەتی و جۆری حیزبایەتی ونەتەوایەتی وئاینیی وقەومی ونەتەوەیی وڕەگەزیی وڕەنگ لەبەرچاوبگرێت، ناکرێت پابەندبوون بەهەریەکەیان بکرێتە مەرج، بەواتایەکی ڕوونتر واتە هەمووکەسێک لەکۆمەڵگەدا دەتوانن خۆیان هەڵبژێرن و ببنە ئەندامی شووراکان کە لەهەر ڕەنگ وڕەگەزو نەتەوەو قەوم و نەژادو ئایین و مەزهەب وعەشیرەت وخێڵێک وحیزبێکیش بن، بەمەرجێک تاوانبار نەبن لەتاوانی کوشتن وتیرۆرو جاسوس ومیت وئیتڵاعاتی بەڵگەدار کە زیانی بەکەسانی کۆمەڵگە گەیاندبێت. تەنها مەرج هەبوونی توانای لێهاتوویی ودڵسۆزییە لەبەڕێوەبردن و ئەرکی شووراکاندا، هەروەها پابەندبوونە بەبڕیارو ڕاسپاردەکانی سیستەم وحکومەتی شوورایییە. سەرەتای هەنگاومان بە ڕازی بوونمانە بە تێکۆشان بۆ هێنانەدی نان، کار ،ئازادی، حکومەتی شوورایی. بۆچی نان؟ لەبەرئەوەی منالّ کە لەدایک دەبێت مافی ژیانی هەیە، مرۆڤ کە نەخۆشبێت مافی چارەسەرو ژیانی هەیە، مرۆڤ کە بەتەمەن بوو، پیربوو مافی ژیانی هەیە، مرۆڤ گەنج بێت یان پیر مافی ژیانی هەیە، مرۆڤ بێکار یان نەخۆش، کەم ئەندام یان نا مافی ژیانی هەیە، مرۆڤ کە لەڕەگەز ونەتەوە و ئایین و ڕەنگی جیاوازبێت مافی ژیانی هەیە، لەکۆمەڵگەداا. خودی درێژەدان بە ژیانیش بە خواردن و خواردنەوە و پۆشاک و شوێنی نیشتەجێ بوون دەبێت، کە ئەویش نانە سەرچاوەی ژیانە. پێدانی نانیش نەخێرو نەچاکەیە بەمرۆڤەکان ئەوە ئەرکی دەسەڵات وسیستەمە لەکۆمەڵگەدا کە بەپێی یاسا و دەستووری دەوڵەت وکۆمەڵگە نابێت هیچ مرۆڤێک برسی بێت...

بۆ لاپەڕە ١٥



# هۆمەر قەرەداغی: سیاسەتی جیهانی منداڵ نییە لەبەر ئەوە دەبێت منداڵ دوور لەسیاسەتی حیزبایەتی گەورە بێت.

**دیمانە لەگەڵ هۆمەر قەرەداغی شارەزا لە بواری پەروەردە و بەڕێوەبەری ئامادەیی لە ستۆکهۆڵم بەبۆنەی بەرۆژی جیهانی منالاّن...**

**بۆپێشەوە: تا چەندە لەگەڵ ئەوەدان منالاّن رابێکێشرێنە ناو دنیای سیاسەت و خەبات، و دیمەنی نابەرابەری و زوڵمی سەرمایەداریان پێ ئاشنا بکرێت؟**

**هۆمەر قەرەداغی:** جیهانی منداڵان جیهانێکی تایبەتە، مێشکی منداڵ هێشتا گەشەی تەواوی نەکردووە. زۆر شت کە پێی ئەڵێی منداڵەکە وەک خۆی وەری ئەگرێت، تەنانەت ئەگەر وتنەکەش ڕەمزی بێت. بۆ نموونە ئەگەر دایکێک بە منداڵەکەی بڵێت ئەتکوژم یان چاوت دەرئەهێنم ئەگەر درەنگ بێیتەوە؟ ئەوا منداڵەکە واتێئەگات کە ئەو شتە ڕاستە و ڕوودەدات. ئەم تینەگەیشتنە لە جیهانی بیرکردنەوەی منداڵ زیان و کاریگەری قوڵی هەیە بۆ ژیانی گەورەسالّی.

منداڵ بە هیچ شێوەیەک نابێت رابکێشرێتە ناو دنیای سیاسەت و تێکۆشان، منداڵ ئەبێت؛ منداڵ بێت و لە جیهانی منداڵی خۆیدا بەشێوەیەکی هێمن و لەسەرخۆ گەشە بکات و وردە وردە بێتە ناو ژیانەوە بە پێی تەمەنی. نابێت پەلەی لێبکرێت و بەزۆر هەڵدرێتە ناو کۆمەڵێک پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئابووری کە خۆی دەرکی پێنەکردووە و گرنگ نیە بەلایەوە.

زۆر دایک و باوک بۆ نمونە کە خۆیان حەزیان لە مۆسیقا بێت ئیتر بەزۆر کاتی منداڵەکەیان تەنیا تەرخان دەکەن بۆ مۆسیقا بۆ ئەوەی منداڵەکە بگات بەو ئامانجەی کە خۆیان پێی نەگەیشتوون، بۆ نموونە باوکی مایکل جاکسۆن ( Michael Joseph Jackson ١٩٥٨-٢٠٠٩ *(منداڵی مایکلی شێواند، بەجۆرێک کە تەمەنی ٤٠ساڵیش بوو هەر حەزی بە ناو منداڵان بوو، چونکە بە سروشتی گەورە نەببوو.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە منداڵ سەیری دایک و باوکی ئەکات و کەم و زۆر دەکەوێتە ژێر کاریگەریانەوە. ئەوە ئەرکی دایک و باوکە کە هەوڵبدەن کاریگەریەکە بە شێوەیەکی سروشتی و لەسەرخۆ بێت بەشێوەیەک کە منداڵەکە ژیانی منداڵی خۆی لەدەست نەدات.

قسەکردن لەگەڵ منالّدا گرنگە، بەڵام دەبێت بەپێی تەمەن بێت. **سیاسەت جیهانی منداڵ نییە لەبەر ئەوە دەبێت منداڵ دوور لەسیاسەتی حیزبایەتی گەورە بێت.**

**بۆپێشەوە: کێ بەرپرسە لە پەروەردەی منالاّن، دایک و باوک یان دەوڵەت؟**

**هۆمەر قەرەداغی:** پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە بەرپرسە لە پەروەردەی منداڵ. کۆمەڵگەش بریتیە لە خێزان، گەڕەک، شار، قوتابخانە، سیستەمە سیاسیەکەی وڵات، دامودەزگاکان...هتد

ناکرێت بەهابنەماییە مرۆڤدۆستیەکانی ناو خێزان جیاواز بێت لە بەهاکانی ناو قوتابخانە. ئەگەر ڕوویدا؟ ئەوە منداڵەکە سەری لێ ئەشێوێت و نازانێت کامە ڕاستە، کەریگەریەکەشی ئەوەیە کە منداڵەکە دوو کەسایەتی دەبێت، یەکێک لە ماڵەوە، یەکێک لە قوتابخانە، ئەمەش زیانێکی گەورە دەگەیەنێت بە ژیانی گەورەسالّی منداڵەکە.

**ناکرێت بەهابنەماییە مرۆڤدۆستیەکانی ناو خێزان جیاواز بێت لە بەهاکانی ناو قوتابخانە، ئەگەر ڕوویدا؟ ئەوە منداڵەکە سەری لێ ئەشێوێت و نازانێت کامە ڕاستە، کەریگەریەکەشی ئەوەیە کە منداڵەکە دوو کەسایەتی دەبێت، یەکێك لە ماڵەوە، یەکێك لە قوتابخانە...**

لە سوید هەندێک خێزانی کورد کێشەیان هەیە لەم بوارەدا. بۆ نمونە بەهاکانی ناو خێزانەکە زۆر جیاوازە لە بەهاکانی ناو قوتابخانە، زەقترینیان دابوو نەریتی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتییە کە لەگەڵ وڵاتێکی تا رادەیەک دیموکراتی کە ئازادی مرۆڤەکان دابینکراوە یەک ناگرێتەوە، دین هۆکاری کێشەی دەروونی زۆر قوڵی منداڵەکانە کە دەبێتە هۆی ترس و داخران و نەگونجانن لەگەڵ کۆمەڵگەدا. زۆر جار کۆتایی ئەو نەگونجانە بە کارەسات دەشکێتەوە.

**بۆپێشەوە: دەمارگیری ئاینی و بیروباوەڕی باوی خودی خێزانەکان، چ کاریگەرییەکی لەسەر منالاّن و مافەکانیان هەیە؟**

**هۆمەر قەرەداغی:** وەک لە وەڵامی پرسیاری پێشودا وتم، زۆر جار کاریگەریەکە بە کارەسات کۆتایی دێت. من لێرە لە سوید لەبەر ئەوەی لە سیستمی فێرکاریدا کاردەکەم دەیان حاڵەتی تراجیدی هاتۆتە بەردەستم کە کۆتاییەکانی زۆر ناخۆش بووە، لە دابڕانی منداڵەوە لە خێزانەکەی هەتا کوشتن، بەتایبەتی کچەکان.

دابوونەریتی ڕۆژهەڵاتی و دەمارگیری ئایینی لەگەڵ بەهابەرزەکانی مرۆڤایەتیدا ناگونجێن. یان ئەوەیە منداڵەکە بەرەو دەمارگیری ئایینی دەباتەوە، کۆتایی هەندێکیان لەناو داعش و کوژران دەبێت، یان ئەوەیە منداڵەکە بەرپەرچی خێزانە دینیەکەی دەبێتەوە و دوردەکەوێتەوە لە دایک و باوکیان، کە ئەوەش وەک چارەسەرێکی کاتی باشە، بەڵام بۆ پەیوەندی دووروودرێژ ئازارێکی قوڵ و برینێکی سارێژنەکراو دەبێت لە دەروونی منداڵەکەدا.

**دابوونەریتی ڕۆژهەڵاتی و دەمارگیری ئایینی لەگەڵ بەهابەرزەکانی مرۆڤایەتیدا ناگونجێن. یان ئەوەیە منداڵەکە بەرەو دەمارگیری ئایینی دەباتەوە، کۆتایی هەندێکیان لەناو داعش و کوژران دەبێت، یان ئەوەیە منداڵەکە بەرپەرچی خێزانە دینیەکەی دەبێتەوە و دوردەکەوێتەوە لە دایك و باوکیان...**

**لەبەر ئەوە تەنیا چارەسەر ئەوەیە واز لە منداڵ بهێنرێت منداڵ بێت و سەربەستی تاکەکەسی خۆی هەبێت، ئەگەرچی تەمەنەکەشی کەم بێت.**

**بۆپێشەوە: لە ڕوانگەی ئێوەوە سەرەکی ترین مافەکانی منالاّن چین؟**

**هۆمەر قەرەداغی: منداڵ کەسایەتییەکی سەربەخۆیە، موڵکی دایک و باوک نییە.**

مافەکانی منداڵانی بەپێی کۆنڤێنشونی نەتەوە یەکگرتووەکان ٥٤ بەندە. هەموویان وەک یەک گرنگن و کۆی گشتی پێک دێنن، بەڵام چوار پرنسیپی بنەمایی هەیە کە دەبێت بوونی هەبێت لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ منداڵدا کە ئەمانەن:

**یەکەم: منداڵان هەمان ماف و هەمان بەهایان هەیە. هیچ منداڵێک نابێت سەرکوت بکرێت.**

دووەم: دەبێت خۆشگوزەرانی و خۆشی منداڵ، لە هەر بڕیارێک کە دەربارەی منداڵ بدرێت، لە پێش هەموو شتێکی ترەوە بێت.

**سێیەم: هەموو منداڵێک مافی ژیان و پێشکەوتنی هەیە.**

**چوارەم: هەموو منداڵێک مافی ئەوەی هەیە ڕای خۆی بڵێت و ڕێز لە ڕاکەی بگیرێت.**

بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە توندوتیژی بەرامبەر بە منالاّن؟

هۆمەر قەرەداغی: بەکارهێنانی هەر سەرکوتکردنێکی فیزیکی یان دەروونی بەرامبەر منداڵ قەدەغەیە. بەپێی کۆنڤێنسونی نەتەوە یەکگرتوەکانی مافەکانی منداڵ. ئەوە ئەرکی هەموو تاکێکی کۆمەڵە لە هەموو جیهاندا کە جێبەجێی بکات.

لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا بەپێی یاسا، لێدانی منداڵ قەدەغە کراوە، بەڵام لە زۆر وڵاتی دنیا لێدانی منداڵ وەک مافێکی دایک و باوک سەیر دەکرێت کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە.

***مایکل جاکسۆن: ( ١٩٥٨-٢٠٠٩) گۆرانی بێژی و نووسەری گۆرانی ئەمەریکی بوو. بە شای مۆسیقای پۆپ دەدەنرێت.**

*** کۆمەڵگە لەسەرێتی کە خۆشگوزەرانی و بەختەوەریی بۆ هەموو منالّێك، بەبێ لە بەرچاوگرتنی وەزعی خێزانیی، دابین بکات.**

*** دەوڵەت لەسەرێتی ستانداردێکی چونیەك لە خۆشگوزەرانی و ئیمکاناتی گەشەی ماددی و مەعنەوی منالاّن و تازەلاوان، لە بەرزترین ئاستی شیاودا، دابین بکات...**

*** لێپرسینەوەو سزادانی قانوونیی کەسانێك کە بەهەر جۆرێك و بەهەر بیانوویەك ببنە ڕێگر لە بەردەم بەهرەمەندبوونی منالاّن، چ کوڕ چ کچ، لەمافە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان، وەکو فێربوون، ڕابواردن و بەشداری کردن لەچالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە منالاّن...**



# مریەم عەبدولڕەحمان: ئەو منداڵەی کە گوێی لێناگیرێت و گفتوگۆی لەگەڵ ناکرێت و وەڵام بەپرسیارەکانی نادرێتەوە، کە گەیشتە تەمەنی قۆناغی هەرزەکاری گفتوگۆکردن زەحمەت دەبێت لەگەڵیدا، چونکە ڕانەهاتووە لەسەر ئەوە...

**دیمانە لەگەڵ مریەم عەبدولڕەحمان- مامۆستای خوێندگای بنەڕەتی لە کەنەدا و چالاکوانی ژنان، بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی منالان...**

**بۆپێشەوە: بەجیا لەستەمی کۆمەڵایەتی دەوڵەتەکان لەسەر منالْ، ستەمی دایک و باوک و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ منالان لە ترساندنیانەوە تا لێدان و توندوتیژی هێشتا واقعیەتی خێزانە دەمارگیرەکانە بەدین و ناسیونالیزم و.... چۆن دەڕواننە ئەو دیاردەیە؟**

**مریەم عەبدولڕەحمان:** بێگومان ژینگە ڕۆلی سەرەکی دەگێڕێت لەسەر پەروەردەی منداڵ.

> **ئەو منداڵەی کە خۆشەویستی پێنادرێت کە گەورە دەبێت (بەردەوام گومان لەخۆی دەکات هەڵەبکات، تورەیە لە خۆی، نەبوونی متمانە بەخۆی، کەسایەتیەکی ناجێگیری دەبێت).**

دایک و باوک یان هەرکەسێک کەبەرپرسی یەکەمە لە پەروەردەکردنی منداڵ دەبنە بەرپرسی یەکەم لە چۆنیەتی دروستبوونی کەسایەتی منداڵ. ئەگەر بەوردی باسی ئەو بابەتە بکرێت نووسینی چەندان کتێب لەخۆی دەگرێت، چەندین زانا و شارەزایانی بواری پەروەردەی منداڵان ئەو بابەتەیان باسکردووە. لێرەدا ئاماژە بەچەند سەرەدێرێکی سەرەکی دەدەم.

ئەو منداڵەی دەترسێندرێت لەتەمەنی (سفر-٥)ساڵی، بۆ نموونە ئەم دیاردانەی لێدەردەکەوێت (زگ ئێشە، ترسان لەتاریکی، خەوی ڕێک وپێک نابێت، خۆتەڕکردن لەخەودا، دڵەڕاوکێ، سەرکەوتوو نابێت لە کاری ڕۆژانەدا)

لە تەمەنی( ٦-١٢) ساڵی (منداڵێکی فێلبازی لێدەردەچێت، ژەمەکانی خواردنی نارێک و پێک دەبێت، متمانە بەخەڵک ناکات، بەردەوام ترسی پشتگوێخستنی هەیە لەلایەن کەسانی ترەوە، لەخوێندن باش نابێت، کچەکان ناتوانن بەرپرسیارێتی هەڵبگرن و کوڕانیش کەسی زۆر تورەیان لێدەردەچێت). ترساندنی منداڵان هەموو ئەو وشە و هەڵسوکەوتانە دەگرێتەوە کە منالانی پێدەترسێنن، وەک هەڕەشەکردن لە منداڵان بەم جۆرە وشانە (لێت دەدەم، سەرت دەبڕم، دەتکوژم، گوێت دەبڕم یان بۆ کوڕان دەڵێن گونت دەبڕم).

ئەو منداڵەی کە خۆشەویستی پێنادرێت کە گەورە دەبێت(بەردەوام گومان لەخۆی دەکات هەڵەبکات، تورەیە لە خۆی، نەبوونی متمانە بەخۆی، کەسایەتیەکی ناجێگیری دەبێت).

ئەومنداڵەی بەفیزیکی سوکایەتی بەرامبەر دەکرێت، ئازاروبڕین و شکان بۆی هەیە لەهەر شوێنێکی جەستەی دروست بێت. شکاندنەوەی منداڵ بە وشەی بریندارکەری وەک(ناشیرین، تەمبەڵ، کورت، درێژ، ...هتد) منداڵەکە توشی کێشەی دەروونی لە شێوەی(ئازاردانی جەستەی خۆی، نارێک و پێکی لە خواردن، ئالوودەبوون بەماددە ئەلکهولیەکان لە تەمەنی هەرزەکاری زوو، گرفت دروستبوون لە خەوتن، لە خوێندنیش باش نابێت).

ئەو منداڵەی کە گوێی لێناگیرێت و گفتوگۆی لەگەڵ ناکرێت و وەڵام بەپرسیارەکانی نادرێتەوە، کە گەیشتە تەمەنی قۆناغی هەرزەکاری گفتوگۆکردن زەحمەت دەبێت لەگەڵیدا، چونکە ڕانەهاتووە لەسەر ئەوە. شارەزایانی بواری منداڵان پێشنیار دەکەن لە تەمەنی ٢ ساڵیەوە منداڵ دەبێت قسەی لەگەڵ بکرێت، ڕۆژانە لێی بپرسرێتەوە کە ئایا ڕۆژەکەی چۆن بەسەربردووە، چ شتێکی بەلاوە خۆش بووە، چ کاتێک خۆشترین کاتی بووە بەنموونە. حەزی لەچی کردووە و یا نەکردووە لە خواردنەکانی یاخود لە یاریەکانیدا. بەمجۆرە پەیوەندیەکی توندوتۆڵتر لەگەڵ منداڵەکەت دەبەستی و منداڵەکەت دەتوانێت متمانەت پێبکات بۆ باسکردنی هەربابەتێک لە ژیانی ڕۆژانەیدا. بێگومان بەردەوام دەبێت زۆر ئاگاداری ئەوە بیت کە جوانترین و سادەترین و شیرینترین وشە بەکاربێنیت.

> **بەڕای من لەپەیوەند بە بابەتی ئایین و نەتەوە و هەربیروباوەڕێکی دیکەدا، ژینگە یان خێزان ئەگەر ئایین یان نەتەوە و هەر ئایدیالۆجیەکیتر تێکەڵ کرا لەگەڵ بیرکردنەوەی منداڵ، وەك ئەوە وایە ستەمێکی گەورە لەمنداڵەکە بکرێت**


بەڕای من لەپەیوەند بە بابەتی ئایین و نەتەوە و هەربیروباوەڕێکی دیکەدا، ژینگە یان خێزان ئەگەر ئایین یان نەتەوە و هەر ئایدیالۆجیەکیتر تێکەڵ کرا لەگەڵ بیرکردنەوەی منداڵ، وەک ئەوە وایە ستەمێکی گەورە لەمنداڵەکە بکرێت. منداڵ لەبۆچوونی بۆ بابەتە فکریەکان دەبێت لە ١٠٠٪ ئازاد بێت، ئەگەر پرسیاری لەسەر بیروباوەڕێک کرد، دەبێ بڵێیت تۆ چۆن بیری لێدەکەیتەوە، نەک بیروبۆچوونی خۆتی بەسەردا بسەپێنی. تەنانەت بە ناڕاستەوخۆ کاتێک منداڵەکەت لەو شوێنە دانیشتووە، هەوڵبدرێت لەو جۆرە باسانە قسەی لێنەکرێت.

**بۆپێشەوە: دەمارگیری ئاینی و بیروباوەڕی باوی خودی خێزانەکان، چ کاریگەرییەکی لەسەر منالان و مافەکانیان هەیە؟**

**مریەم عەبدولڕەحمان:** لەخێزانە دەمارگیرە ئیسلامیەکاندا، منداڵی کچ لە یەکەم ساتی لەدایکبوونیەوە، وەکو منداڵی کوڕ پێشوازی لێناکرێت. لەیەکەم ڕۆژەوە دایک و باوکەکە هەستدەکەن پەروەردەی منداڵەکەیان قورسترە، چونکە بەردەوام دەبێت ئاگاداری ئەوەبن پەروەردەی کچەکەیان جیاوازە لە پەروەردەی کوڕەکەیان. پێی دەڵێن تۆ کچیت و جیاوازیت لە کوڕ، ئەگەر برای هەبێت پێی دەڵێن ئەوەی براکەت دەیکات نابێت تۆ بیکەیت. هەتا دەگاتە ڕادەی ئەوەی منداڵە کوڕەکەش وا ڕادەهێنن کە بەچاوێکی کەمتر سەیری خوشکەکەی بکات بەبەراورد بە براکەی. لەگەڵ زیادبوونی تەمەنی کچ واتە تەمەنی ٥ و بەرەوسەرەوە، ئیتر بەتەواوی کچەکە دەخەنە ژێر باری ژیانێکی جیاواز. یاری کچەکە سنووردار دەکرێت لە جۆر و شوێنی یاریکردن. هەندێکجار تەنانەت نابێت بەدەنگی نزمیش گۆرانی بڵێت یان یاری فیزیکی توند بکات. هەموو ئارەزوویەکی منداڵانەی لێ زەوتدەکرێت، حجابی زۆرەملێی بەسەردا دەسەپێنن و بەئارەزووی خۆشی جل ناپۆشێت. لەو جۆر خێزانانە، کچ کە دەگاتە ٩ ساڵ ئیتر بیر لەبەشوودانی دەکرێتەوە، چونکە یاسای شەریعەتی ئیسلام ڕێی پێدەدات. ئەگەر ڕێک نەکەوت بەشوو بدرێت، ئەوا ڕەنگە ڕێگەی خوێندنی لێ بگیرێت. ئەنجامی ئەم بێمافی و نا عەدالەتیە دەبێتە هۆی لێدانی مۆری پلە دوویی و بەکۆیلە سەیرکردنی لەدوای تەمەنی منداڵی.

بەرپرسی یەکەم لەم توندوتیژی و ناعەدالەتیەی بەرامبەر منداڵی کچ دەکرێت دەستوور و سیستەمی وڵاتە، ڕێگا خۆشدەکات بەمجۆرە هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵە کچەکانیان بکەن. سیستەم بەیاسا دەتوانێت باری ژیانی ئەو کچانە بگۆرێت و هاوتایان بکات لەگەڵ منداڵی کوڕ. کەلتوری توندوتیژی دواکەوتوانەی لەبەرامبەر کچان دەکرێت وردەوردە لەناوبەرێت، هەروەک چۆن لەو وڵاتانەی تیایاندا ئایین لە دەوڵەت جیاکراوەتەوە منداڵانی کچ بەهیچ جۆرێک لە منداڵانی کوڕ جیاناکرێنەوە، یان بە جیاواز سەیر ناکرێن. منداڵی کچ لەم سیستەمانەدا هەموو مافەکانیان بۆ فەراهەم دەکرێت. ئەمەش بەگوێرەی یەکێک لەبەندەکانی یاسای مافەکانی منداڵان لە نەتەوە یەکگرتووەکان؛ هیچ منداڵێک نابێت توندوتیژی لەبەرامبەر بەکاربهێنرێت یا سەرکووت بکرێت.

> **هیچ حزبێکی سیاسی ناتوانێت خۆی بە لایەنگری ئازادی و ماف و یەکسانی بزانێت، بەبێ ئەوەی زۆر ڕۆشن و لێبڕاوانە لەپیناو مافەکانی منالاٌندا خەبات بکات...**



# جیهاد موحەمەد: هەتا سیستەمی سەرمایەداریی حوکمی دنیا بکات، چەکدارکردنی منداڵ زەحمەتە کۆتایی پێ بهێنرێت، چونکە ئەم سیستەمە نا ئینسانیی و نادادپەروەرە لەسەر چەوساندنەوە و ستەمکاریی بونیاتنراوە و درێژە بە حوکمی خۆی دەدات.

**دیمانە لەگەڵ جیهاد محەممەد نووسەرو وەرگێر بەبۆنەی رۆژی جیهانی منالان...**

**بۆپێشەوە: دەمارگیری ئاینی و بیروباوەڕی باوی خودی خێزانەکان، چ کاریگەرییەکی لەسەر منالان و مافەکانیان هەیە؟**

**جیهاد موحەمەد:** مێشکی منداڵ، هەر لە ساواییەوە، بە گوێرەی سەدان لێکۆڵینەوە و توێژنەوەی زانا سایکۆلۆژیناسەکان و مرۆڤناسەکان، بریتیە لە کاکڵەیەکی زیرەکانەی چوست و چالاک، بەڵام لەگەڵ ئەم زیرەکیی و چوست و چالاکییەیدا، سپی و پاک و بێگەردە، هیچ شتێکی لەسەر تۆمارنەکراوە. منداڵ وەک بێرتراند رەسڵ (Bertrand Russell 1872-1970)* و زۆرێک لە زاناکانی تر باسی دەکەن، هەر لە ساواییەوە زۆر زیرەکە، هەموو دەوروبەری بە ئاسانی کاریگەری لەسەر دادەنێن، چونکە زیاتر زیرەکیەتیەکەی بریتیە لە کۆمەڵێک چالاکی غەریزەیی، وەک غەریزەی هەستکردن بە برسێتی و ماندووبوون و بێزاربوون لە دەنگەدەنگ و ژاوەژاو، ئەوەی منداڵ لەم تەمەنە ساواییەدا پێویستیەتی تەنها خەوی باش و ئارامیی و تێربوونیەتی. بە گوێرەی زۆربەی لێکۆڵینەوەکان منداڵ لە تەمەنی یەک ساڵیەوە تا تەمەنی ٦ ساڵی و هەندیکیش دەڵێن تا تەمەنی هەشت ساڵی وەک جۆن دیوی ((Jhon Dewey1859-1952)**، هەرچی دەگوزەرێت لە دەوروبەری، دەبێت بە بناغەیەکی پتەو بۆی، ئەم بناغە پتەوە زۆر بە زەحمەت لە گەورەبوونیدا لەق دەبێت.

**چ لە رووی جەستەییەوە چ لە رووی عەقڵیی و سایکۆلۆژییەوە، منداڵ شیاوی ئەوە نییە کاری پێ بکرێت، کارکردن بە منداڵ بە تەواوەتی پێشێلکردنی مافی منداڵە...**

بۆیە زاناکان زۆر بە پێویستی دەزانن، کە لەم تەمەنە ناسکەدا باش پەروەردە بکرێت، کە بە داخەوە پەروەردە باوەکانی وڵاتانی وەک کوردستان و عێراق یەکجار خراپە و کاریگەرییەکی خراپ دادەنێت لەسەر منداڵ، کە لە گەورەبوونیاندا ئەم کاریگەرییانە دەردەکەون. هەروەک لە خودی پرسیارەکەتاندا هاتووە، دەمارگیریی ئاینیی و بیروباوەڕی باوی خودی خێزانەکان، مێشکی منداڵەکانی پێ پڕ دەکرێتەوە، **ئەم جۆرە بیروباوەڕە ئاینیانە دەبن بە بەستەڵەک و ڕەق دەبن و زۆر بە زەحمەت ڕێگە بە کرانەوەی مێشکی منداڵ دەدەن**، کە خودی خۆیان هەوڵ بدەن لە دەوروبەر تێبگەن و بڕیاری خۆیانی لەسەر بدەن. بە دڵنیاییەوە بیروباوەڕە دینیەکان، دەبنە هۆکارێکی گەلێک گەورە بۆ دواخستنی بیری منداڵ و نەکرانەوەی مێشکی منداڵ لە گەورەبوونیاندا. ئەم نەکرانەوەیەی مێشکی منداڵ هۆکارێکی گەلێک گەورەیە بۆ تووڕەبوونیان و ڕق لێبوونیان لە هەر بیروباوەڕێک، کە لەگەڵیاندا ناگونجێت، قبووڵی هیچ جۆرە دیالۆگێک ناکەن، قبووڵی هیچ جۆرە ڕایەکی جیاواز ناکەن، چونکە ئەوەی لە مێشکیاندایە بووە بە کانگای هەموو ڕاستیەکان و هیچ شتێکی دیکە ڕاست و دروست نییە لایان جگە لەوەی فێری بوون و لەسەری ڕاهاتوون.

**بۆپێشەوە: سیستەمی پەروەردە چ کاریگەرییەکی لەسەر منالان هەیە؟**

**جیهاد موحەمەد:** پەروەردەکردنی منداڵ هەر لەناو خودی خێزان و دایانگا و باخچەی ساوایان و قۆناغ بە قۆناغی فێرگەکانەوە تا دەگات بە زانکۆ، لەوەش واوەتر، لە هەموو ئۆرگان و ناوەندە کۆمەڵایەتییە سیاسیی و فەرهەنگیەکاندا؛ لە هەموو جێگە و شوێنێکی کارکردندا، بە کورتی و بە پوختی لە **هەرچ شوێنێکدا منداڵ، یان گەورە هەبوو پەروەردەش بوونی هەیە.** لێرەدا قسەمان لەسەر پەروەردەی منداڵە، پەروەردە زۆر زۆر کاریگەریی دادەنێت لەسەر منداڵ و دەبێت بە بەردی بناغە بۆی. قسەیەکی کوردی هەیە دەڵێت:"هەرچ خوویەک گرتت بە شیریی، تەرک نادرێت بە پیریی"، ئەم قسەیە تەواو ڕاستە، بۆیە زۆربەی زانا پەروەردەییەکان، لەگەڵ ئەوەی بە گوێرەی قۆناغەکانی گەشەی عەقڵ (هزر) و زانستی ساکۆلۆژیی و کۆمەڵناسیی و ئەنترۆپۆلۆژیی جیاوازیان هەیە، بەڵام هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پەروەردەی منداڵ بەردی بناغەیە بۆی، هەر لە جانجاک ڕۆسۆ و جۆن لۆکەوە، تا دەگات بە جۆن دیوی، بێرتراند ڕەسڵ و پاولۆ فرێری، هەموویان جەخت لە سەر پەروەردەیەکی باش و سەردەمیانە دەکەنەوە بۆ منداڵ. تەنانەت ڕەسڵ ئەوەندە پێ دادەگرێت لەسەر پەروەردەی باش بۆ منداڵ، دەڵێت" شیرپێدانی منداڵی ساوا دەبێت ڕۆژانە لە کات و ساتی خۆیدا بێت، ئەگەر هەر دوو سەعات جارێک یان سێ سەعات جارێک دایک، کە شیر دەدات بە منداڵەکەی، دەبێت ئەم کاتە گۆڕانکاری تێدا نەکرێت، ئەم ڕێکوپێکییەی کاتی شیرپێدان دەبێت بە بناغەی ڕێکوپێکی و ڕێزگرتن لە کات لای منداڵ لە گەورەبوونیدا". پێویستە منداڵ بە جۆرێک ڕێزی لێبگیرێت وەک کەسێکی مەزن لە ماڵدا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. تەنانەت ترس و تۆقاندنی منداڵ و ڕاچڵەکاندنی منداڵ هۆکارێکە بۆ دڵەڕاوکێیی و دوودڵیی و ترس و تۆقین لە گەورەبوونیدا. منداڵ هەر لە ساواییەوە، لە ناو خێزاندا، یان لە دایانگا و باخچەی ساوایان و فێرگەکاندا پێویستە بە جۆرێک ڕابهێنرێت کە تەواو پشت بە خودی خۆی ببەستێت. ئەوەی تێبینی دەکرێت، **لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، گەورەکان بۆیە زوو دەنوشتێنەوە، بۆیە زوو خۆیان ڕادەستی ئەم حیزب و ئەو حیزب دەکەن و دەبن بە دەروێش بۆ حیزبەکانیان، بنەماکەی ئەوەیە، کە لە منداڵیەوە وا ڕاهێنراون، کە نەتوانن خۆیان پشت بە خۆیان ببەستن، بۆیە هەمیشە دوای خێڵ و حیزب و هێزگەلێک دەکەون.**

**پێویستە منداڵ بە جۆرێك ڕێزی لێبگیرێت وەك كەسێكی مەزن لە ماڵدا مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت. تەنانەت ترس و تۆقاندنی منداڵ و ڕاچڵەكاندنی منداڵ هۆكارێكە بۆ دڵەڕاوكێیی و دوودڵیی و ترس و تۆقین لە گەورەبوونیدا...**

**بۆپێشەوە: کارکردنی پیشەیی بە منالانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ، بەگوێرەی ڕیکەوتننامەی مافەکانی منالان ڕێگەپێنەرداوە، کەچی منالان دەخرێنە بەر کاری پیشەیی، ئەوە چ کاریگەرییەک لەسەر دنیای منالان دادەنیت؟**

**جیهاد موحەمەد:** چ لە ڕووی جەستەییەوە چ لە ڕووی عەقڵیی و سایکۆلۆژییەوە، منداڵ شیاوی ئەوە نییە کاری پێ بکرێت، کارکردن بە منداڵ بە تەواوەتی پێشێلکردنی مافی منداڵە. منداڵ دنیای تایبەتی خۆی هەیە، دنیای تایبەتی منداڵیش بە زۆری خۆی لە سەرقاڵبوونی بە یاریەکانیەوەیەتی، هەموو پەروەردەناسان بە گشتیی و بە تایبەتی پەروەردەناسە مرۆڤدۆست و سەردەمییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە گەشەی منداڵ لە یاریکردنیەوە دەست پێدەکات، کاتێک منداڵ بە کارکردنەوە خەریک کرا، بوو بە کرێگرتە ئیتر هیچ دەرفەتێکی نامێنێت بۆ یاریکردن، ئەمە جگە لەوەی وەک ئاماژەمان پێدا، لە ڕووی جەستەیی و عەقڵیی و سایکۆلۆژییەوە پێنەگەیشتووە بۆ کارکردن. کارکردن، منداڵ فێری نووشتانەوە دەکات، فێری ئەوەی دەکات چەوساندنەوە و زوڵم لێکردن قبووڵ بکات. کارکردن جەستە و عەقڵی منداڵ نەخۆش دەخات و دەبێت بە کارەکتەرێکی خراپ لە ناو کۆمەڵگەدا. پەروەردە باشەکانی دنیای ئەمڕۆ؛ بۆ نموونە پەروەردەی منداڵ لە وڵاتی فنلندەدا، کە گەیشتوەتە لوتکەی پەروەردەی سەردەمیانە، نەک هەر دژی کارکردنن بە منداڵ، بەڵکو لە کۆتایی هەرچ وانەیەکی چل و پێنج خولەکییدا، پانزە خولەک تەرخان دەکات بۆ منداڵەکان تا بتوانن یاریەکانی خۆیان بکەن و پشووی تەواو وەربگرن.

**بۆپێشەوە: چەکدارکردنی منالان، یان بەکارهێنانیان لە ڕێکخراوە سەربازییەکاندا، چۆن دەکرێت بەری پێ بگیرێت؟**

**جیهاد موحەمەد:** **هەتا سیستەمی سەرمایەداریی حوکمی دنیا بکات، چەکدارکردنی منداڵ زەحمەتە کۆتایی پێ بهێنرێت، چونکە ئەم سیستەمە نا ئینسانیی و نادادپەروەرە لەسەر چەوساندنەوە و ستەمکاریی بونیاتنراوە و درێژە بە حوکمی خۆی دەدات.** بەڵام ئەم قسەیە بەو واتایە نایەت کە خۆمان ڕادەستی ئەم سیستەمە نا ئینسانییە بکەین، خەبات و تێکۆشانی بێوچانی ڕێکخراوە سیاسیی و مەدەنیی و ئینساندۆستەکان پێویستە بەردەوام بن لە دژایەتیکردنی بەرپابوونی جەنگەکاندا و بە تایبەتی ئەو جەنگانەی کە منداڵ تیایاناندا چەکدار دەکرێن و دەکرێن بە سووتەمەنی ئەو جەنگە قێزەونە نا ئینسانیانە.

*(Bertrand Russell بێرتراند ڕەسڵ (١٨ ئایار ١٨٧٢ – ٢ی شوبات ١٩٧٠) فەیلەسوف و زانای لۆجیک و بیرکاری و ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی بەریتانیە. لە ساتەجیاوازەکانی ژیانیدا؛ ڕەسڵ لیبڕاڵ و سۆشیالیست و ئاشتیخواز بووە.

** جۆن دیوی(John Dewey ) (٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٨٥٩- ١ی جونی ١٩٥٢) فەیلەسوفی زانایەکی دەروونناسی ئەمەریکیە و بە یەکێک لە ڕابەرەکانی فەلسەفەی پراگماتیک دادەنرێت.



# کامەران لەتیف: ڕاکێشانی منالان بۆ جیهانی سیاسەت یان هەربیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیایەك بێت، یاخود ناچارکردنیان بەپۆشینی حجاب و نوێژ و ڕۆژووگرتن بێت، پێشێلکاریەکی ڕاستەوخۆی مافەکانی منالانە...

**دیمانە لەگەڵ کامەران لەتیف؛ ناسراو بە مامۆستا کامەران. بەڕێوەبەری سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالانی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی منالان...**

**بۆپێشەوە: بەجیا لە ستەمی کۆمەڵایەتی دەوڵەتەکان لەسەر منالان، ستەمی دایک و باوک لەسەر منالان لە ترساندنەوە تاوەکو لێدان و توندوتیژی، هێشتا وەقعیەتی خێزانە دەمارگیرەکانە بە دین ناسیۆنالیزم... چۆن دەڕواننە ئەو دیاردەیە؟**

**کامەران لەتیف:** ستەمی دایک وباوک لەسەر منالان هەروەک خۆتان ئاماژەتان پێدا، لە ترساندن و توندوتیژی و سوکایەتی و کارپێکردن و بارهێنانیان بەفەرهەنگی دواکەوتووی ناسیۆنالیزم و بیری پیاوسالاری و چەندین بیروبۆچوونی دواکەوتوانەی تری ئایدیۆلۆجیایەکی دیکە، بەتایبەت لە خوێندنگا و دامودەزگا فەرمیەکانی حکومەتدا. بەجیا لەمەش پێویستە دەوڵەت لێپرسینەوە و سزاو ڕێکاری یاسایی توند بەکاربێنێت لەبەرامبەر ئەوکەسانەی کە منالان بۆ ئەو مەبەستانە بەکاردێنن. ئەم دیاردەیە بەزۆری لەنێو کۆمەڵگە دواکەوتووە داخراوەکاندا بوونی هەیە، ئەمەش فرسەتێکی باش ئەڕەخستێنێت تەواوی بوارەکانی ترەوە.

**بۆپێشەوە: هەلومەرجی نەخوازراوی ئابووری چ کاریگەریەکی لەسەر منالان هەیە؟**

**کامەران لەتیف:** هەلومەرج و خراپی باری ئابووری؛ گەورەترین فاکتەرە کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە و منالان بەتایبەتی دادەنێت. کاریگەری ئابووری چەندین کێشەی ناوکۆمەڵگە، بەداخەوە بەشێکی دانەبڕاوە لە واقعی ئەمڕۆی کوردستان. بێگومان ئەوەش ڕەگو ڕیشەی هەیە.

بەداخەوە منالان هەمیشە بوونەتە قوربانیەکی گەورەی ئەم ستەمەی کە لەناو خێزاندا خۆی بەرهەم دێنێتەوە، و زۆر بەئاسانی تێدەپەڕێت. دایک و باوک بەبێ مەبەست بەشێکن لەو ستەمە دواکەوتووەی کە ستەم لەسەر منالان ئەکەن، و ڕۆژانە بەبەرچاومانەوە چەندین توندوتیژی و سوکایەتی بەمنالان دووبارە دەبێتەوە!

> **کە پشووی هاوین دەستپێدەکات بەدەیان فیرقەی قورئان خوێندن لەمزگەوتەکان دەکرێنەوە، کە سەرجەمیان لەلایەن حکومەتەوە ڕێگەپێدراون و مۆڵەتیان هەیە! ئەمەش پێشێلکارییەکی دیکەیە لەبەرامبەر منالان، و لەڕووی نێودەوڵەتییەوە ڕێگەپێنەدراو و قەدەغەکراوە.**

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە ڕاکێشانی مندالان بۆ ناو جیهانی سیاسەت یان حجاب کردنیان و ناچارکردنیان بە کردنی نوێژ و ڕۆژوو و نەریتەکانی دیکەی ئایینی؟**

**کامەران لەتیف:** ڕاکێشانی منالان بۆ جیهانی سیاسەت یان هەربیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیایەک بێت، یاخود ناچارکردنیان بەپۆشینی حجاب و نوێژ و ڕۆژووگرتن بێت، پێشێلکاریەکی ڕاستەوخۆی مافەکانی منالانە. چونکە پێویستە منالان بەدووربگیرێن لەهەر هەوڵێک بۆ بەکارهێنانیان بۆ مەبەستی سیاسی یان ئایینی... و پێویستە ئەمە بەیاسا ڕێکبخرێت، کە منالان نەخزێنرێنە نێو جیهانی سیاسەت و هیچ بۆ ئەو گروپ و دەستەوتاقمە ئیسلامییە توندڕەوانەی لە ئایندەدا گەشە بەئەندام و لایەنگرانی خۆیان دەدەن، چونکە زۆر کارئاسانی دەبێت بەوەی لەپێشتردا کاریان لەسەر بیروهۆشی منالانێک کردبێت، لەگەورەبووندا بەئاسانی دەبێتە ئەندام و لایەنگریان. پێویستە منالّ؛ ژیانی منالّی خۆی بەسەربەرێت و چێژی لێوەرگرێت وبەدوور بێت لەهەموو ئەم پێشێلکارییانە.

**بۆپێشەوە: کێ بەرپرسە لە پەروەردەی منالّ؛ دایک و باوک یان دەوڵەت؟**

**کامەران لەتیف:** بەدڵنیاییەوە دەوڵەت بەرپرسی یەکەمە لەپەروەردەی منالان. دیارە پەروەردەی منالان ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و هەمەلایەنەیە کە دەوڵەت ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت، باوک و دایکیش ڕۆڵی خۆیان هەیە و هاوکار دەبن لە چوارچێوەی ئەو پرۆسەیەدا.

لە وڵاتانی پێشکەوتوودا منالّ پەروەردەکردن پرۆسەیەکی پەروەردەییە، واتە تەواوی دامودەزگا پەروەردەییەکان پێویستە بچنە خزمەتی پەروەردەوە. هەروەها دەوڵەت لە پێناوەدا بودجەی پێویست دابین بکات بۆ بەرەوپێشبردنی گەشەی هزر و بەدەنی منالّ لەڕووی پەروەردە و خوێندن و تەندروستی و کۆمەڵایەتی دروست دەکات کە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر منالّ. بۆ نموونە: کاتێک خێزانێک بەهۆی قەیرانی ئابووریەوە یاخود کەمی داهاتیان و کەمدەرامەتیان، بەناچاری منالّەکانیان دەخەنە بەرکارکردن بۆپڕکردنەوە و دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری دوورخستنەوەی منالّ لە خوێندن و پەروەردە، کە دواتر منالّەکە ڕەنگە تووشی دەیان کێشەی تر ببێتەوە لە دەرەوەی دەسەڵاتی خێزان...

بۆیە هەلومەرجی ئابووری خێزان، یەکێکە لە بنەماسەرەکییەکانی کۆمەڵگەی تەندروست، و لە وڵاتە پێشەکەوتووەکاندا منالّ تادەگاتە تەمەنی ١٨ ساڵی بڕێکی دیاریکراو مووچەی مانگانەی هەیە کە دەدرێتە بەرپرسی بەخێوکەرەکەی (دایک و باوک یا هەرکەسێکیتر). لەکوردستاندا لە چوارساڵی ڕابردوودا زۆر بەڕۆشنی خراپی باری ئابووری کاریگەری لەسەر تەواوی کۆمەڵگە و خێزانەکان دروستکردبوو بەتایبەتیش منالان. شایەدی چەندین ڕووداوی کۆمەڵایەتی نەخوازراوی بەدوای خۆیدا هێنا، هەر بەم پێیەش ڕووداوەکانی (کوشتن ،دزی، تاوانە جۆراوجۆرەکان...تاد) ڕوویان لەزیادبوون دەبێت. هەروەها زۆرێک لەخێزانەکان لەبەر باری ناهەمواری ئابووری ناچار بوون کچەکانیان لە تەمەنێکی زووتردا بەشوو بدەن، کەئەمەش لەداهاتوودا کێشەی کۆمەڵایەتی و هەندێکجار تەندروستیشی لێدەکەوێتەوە.

بۆیە دەوڵەت ئەرکیەتی کە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان بەرەوباشتر بوون بەرێت، تاوەکو خراپی باری ئابووری کاریگەری لەسەر تاک و لەدواییشدا کۆمەڵگە نەبێت.

**بۆپێشەوە: دەمارگیری ئایینی و بیروباوەڕی باوی خودی خێزانەکان، چ کاریگەرییەکی لەسەر منالان و مافەکانیان هەیە؟**

**کامەران لەتیف:** دەمارگیری ئایینی خێزانەکان و کاریگەری لەسەر منالان بەتایبەتی ئەو خێزانانەی زۆر پەیوەستن بە ئایینەوە، ڕەنگدانەوەی لەسەر منالّەکان زۆرە... بەداخەوە لەلایەن هیچ دامودەزگایەکەوە کۆنترۆڵ نەکراون، واتە خێزانێک ئەگەر موسوڵمان بێت ڕاستەوخۆ منالّەکانیشیان دەکەنە موسوڵمان، و ئەگەر مەسیحیش بێت بەهەمان شێوە منالّەکان دەکەنە مەسیحی... واتە منالّ هیچ دەسەڵات و هەڵبژاردەیەکی نییە لە دیاریکردنی ئایین و بیروباوەڕەکەی. بەپێچەوانەوە کاریگەری خێزانەکان بەسەر منالّەوە لەژێر فشار و هەندێکجار بەزەبری توندوتیژی و هەڕەشە منالّەکان دەبێ ببنە کەسێکی ئایینی!

دیسانەوە حکومەت هیچ ڕۆڵێک نابینێت لەم پێشێلکارییانەی بەرامبەر منالان دەکرێت، بەپێچەوانەوە حکومەت ئاسانکاری دەکات لەم پرۆسەیەدا. بە نموونە: وەختێک پشووی هاوین دەستپێدەکات بەدەیان فیرقەی قورئان خوێندن لەمزگەوتەکان دەکرێنەوە، کە سەرجەمیان لەلایەن حکومەتەوە ڕێگەپێدراون و مۆڵەتیان هەیە! ئەمەش پێشێلکارییەکی دیکەیە لەبەرامبەر منالان، و لەڕووی نێودەوڵەتییەوە ڕێگەپێنەدراو و قەدەغەکراوە. لە کوردستان منالّ لە تەمەنی(٥،٤) ساڵیەوە ئالّودە دەکرێت بەئایینەوە، چ لە خوێندنگا یاخود لە نێو خێزانەکان یان لە مزگەوت و شوێنە گشتیەکان. ئەوەی جێگەی زۆر نیگەرانییە ئەوەیە کە ئەم پێشێلکارییانەی لەبەرامبەر منالان دەکرێت، زۆر بەکاریکی ئاسایی تەماشایان دەکرێت!

بۆبنەبڕکردنی ئەم دیاردەیە؛ پێویستە ڕێکخراوەکانی منالان و ئازادیخوازان و تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە هەستیار بن بەمافەکانی منالان و کار لەسەر هۆشیاری تاک بەتاکی کۆمەڵگە بکەن و ئاستی ڕۆشنبیریان بچێتە سەر.

**باوک ودایکان و قوتابخانەکان وگەورەکان نابێت مندالانی خوار تەمەنی یاسایی پەلکێش بکەن بۆ ناو هەڵسوڕانی سیاسی و حیزبی وکۆڕوکۆبونەوەکانی خۆیان، ئەمە سەربەخۆ لە بۆچوونی سیاسی دایک وباوک، جۆرێکە لە مێشک شۆردنەوە.**

## درێژەی.... نان، کار، ئازادی حکومەتی شوورایی

ودەستی نەگات بە ژەمی خواردن، ئەرکی سیستەمی دەوڵەتە ئەمە بەپێی یاسایی نەگۆڕ جێگیر بکات.

لەقۆناغی ئێستادا ئەگەر توژینەوەی وورد و دڵسۆزانە بکرێت باشتر ئەوە دەسەلمێندرێت کە بەرزکردنەوەی دروشمەکانی (نان، کار، ئازادی، حکومەتی شوورایی) لەکۆمەڵگەی ئێران و کوردستان وعێراق زۆر واقیعی و لەجێگەی خۆی دایە وەکو ئەلتەرناتیڤێک بۆ جێگرەوەی دەوڵەت وسیستەمی چەوسێنەر، هەرچەندە ئەوە ڕوون و دیارە بارودۆخی ئێستا بۆ ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشترو گونجاوترە. بەرزکردنەوەی دروشمەکانی نان، کار، ئازادی حکومەتی شوورایی لەلایەن بەشێکی زۆر چالاکوانان وخەڵکی ناڕازی شارەکانی ئێران و ڕاخستنی سفرەی بەتاڵی خەڵکی کرێکارو کۆڵبەری زەحمەتکێشانی شارەکانی ڕۆژهەڵات باشتر ئەوە دەسەلمێنێت. ئەگەر هەڵسوڕاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازو سیکۆلارو پێشکەوتنخوازو کۆمۆنیستەکان هەموو ئەو مرۆڤانەی دڵییان بۆ هێنانەدی ئازادی و بەرابەری و خۆشگوزەرانی مرۆڤەکان لێدەدات و دڵسۆزن بەچارەسەری کێشەو قەیرانەکانی ئێستاو داهاتووی دوای ڕووخانی سیستەمی فاشیزمی ئیسلامی ئێران پێویستە کار لەسەر بەرەوپێشبردنی ئەم جۆرە نەخشە ڕێگایە مرۆڤایەتییە بکەن و هاوکارو پشتیوانی بکەن لەزیاتر ناساندن و تەبلیغکردن وبانگەشەکردن بۆ دامەزراندنی حکومەتی شوورای لەئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە بە ئاقاری سازماندەیی و ڕێکخراوەییدا هەنگاو بنێن بەرەو گەشەی بزووتنەوەی شوورایی و دواتر هەڵبژاردنی شووراکان و دامەزراندنی حکومەتی شوورایی.

نەخشەی چارەسەری مرۆڤایەتی کەهەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان بێت نیشانی کۆمەڵگە بدرێت و بکرێتە بەدیل و ئەلتەرناتیڤی سیستەمی چەوسێنەر. ڕاشکاوانە و دڵسۆزانە و خۆبەخشانەو ئازایانە کاری لەسەر بکرێت و هەنگاو بۆ بەدیهێنانی بدرێت. لەقۆناغی ئێستادا کەکۆمەڵگە بەسەردووبەرەدا دابەشکراوە بەرەی یەکەم چەوسێنەران و سەرمایەداران وکۆنەپەرستان کە کەمینەی کۆمەڵگەن پێک دەهێنن، بەڵام بەزۆر و بەجۆری چەتەیی و مافیاگەرایی کەدەیانەوێت پایەکانی سیستەمی چەوسێنەرو فاشیزم بەهێزتر کەن بۆئەوەی بەردەوام بێت لەدزی و تاڵانی وگەندەڵی و کوشتن و تیرۆرو زیندان و لەسێدارەدان و سازکردنی جەنگ و کۆمەڵکوژی و ئاوارەیی و بێکاری و گەشەدانی هەژاری بۆ کومەڵگە. پێوێستە ئەم بەرەیە لەڕووی سیستەمی دەسەڵاتداری و ئیدارەدانەوە تێکبشکێندرێت و پاشەکشەی پێ بکرێت کە هیچ جۆرە چاکسازی و ڕیفۆرمێک هەڵناگرێت. باشترین هەنگاو ئەوەیە پاشکەشەی پێ بکرێت و لەدەسەڵات نەمێنێت. بەرەی دووەمی کۆمەڵگەش کۆیلەو چەوساوەو هەژار کرێکارو ئازادیخوازو یەکسانیخوازانن کە زۆرینەی کۆمەڵگە پێک دەهێنن، بەڵام پرش و بڵاون بۆیە چەوسانەوە و هەژاریش درێژەی هەیە. هەژاری واتە هەژاری عەقڵ نەوەک هەژاری گیرفان. ئەمە پێویستە بەکردار بسەلمێندرێت لەکاتێکدا کە هەژارەکان وچەوساوەکان دێنەمەیدان نارەزایەتی و خۆپیشاندان نیشان دەدەن، خۆیان ڕێکخراو دەکەن لەناوی بزووتنەوەی شوورایی خۆیاندا دواتر کە نان و ئازادی حکومەتی شوورایی دامەزرا لەلایەن خودی خەڵکەوە بارودۆخی کۆمەڵگە لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە بۆ تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی ڕەخسێندرا، چەندەها کەسی بلیمەت و شارەزا و زاناو لێهاتوو و توانادار لەڕوویی زانستی و زانیاری و ئابووری و سیاسی و فەلسەفی و فکری جۆراوجۆری سوودبەخش بۆ کۆمەڵگە لەناو کۆمەڵگەدا نەشونما دەکات و دەردەکەون و توناناو لێهاتوویەکانیان نیشانی کۆمەڵگە دەدەن، هەر وەک قۆناغی ئێستا پشتگوێ ناخرێن و ڕێگرییان بۆ دوست ناکرێت و پەراوێزناخرێن لەبەرئەوەی حکومەتی شوورایی حکومەتی هەموو مرۆڤەکانی کۆمەڵگە دەبێت. عەقلی دروستی مرۆڤانەش ئەوەیە کە بیرکردنەوە وزانین و زانست وتێڕوانین و بۆچوونەکانی مرۆڤ بۆ کەمکردنەوەو نەمانی هەژاری و نەزانین و کۆیلایەتی بێت. کەواتە ئەرکی سەرجەم ئازادیخواز و یەکسانیخواز و کۆمۆنیستەکان و سیکولارو مرۆڤدۆستان و سەرجەم ئەوانەی دڵیان بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و خۆشگوزەران لێدەدات کە دەتواندرێت تێیدا بۆسەرجەم مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی "نان، کار، ئازادی" دابین بکات، بێنەمەیدانی تێکۆشان بۆ هێنانەدی نان ،کار، ئازادی حکومەتی شوورایی.

## درێژەی دوا وتە

چوونیەکی منالان بێبەش دەکرێن. ڕەوایەتی دەدەن بە کچان تا پێش تەمەنی باڵق بوون هاوسەرگیری بکەن... بنەماڵە دەستڕۆشتوەکانی ناو حزب منالانی خۆیان لە تەمەن زۆر سەرەتاییەوە باردەهێنن تا ببنە سەرۆک وسکرتیر و ڕەئیس و روئەسای داهاتوو... هەر ئێستا دەیان سەرۆکی پاکەتی لە منالیەوە مۆری سەرۆک و بەپرسیاریەتی داهاتوویان لێدراوەو پاشەکەوتکراون تا جێگای باوک و باپیرە و مامیان بگرنەوە...

حزبە سیاسیەکانی ناو ماڵباتی بزوتنەوەی کوردایەتی بۆ هێشتنەوەی کۆمەلگە بەدواکەوتووی و نەزانی، ئامادەنین سیستەمی پەروەردەو فێرکردنێکی مۆدێرن بخەنە جێگای ئەو سیستەمە سەقەتەی پەروەردەو فێرکردن کە دەرفەتی ئازادی و سەربەستی و توانایی بریاردانی منالان و تازە لاوان و دەرخستنی تواناییەکانیان کلۆم داوە.

بەڵی ئەو حزب و لایەنە سیاسیانە، تەنها حزبی میلیشیایی تالانچی نین، تەنها کۆنەپەرست و دژی پێشکەوتنخوازی نین، تەنها هەژاری و بێکاری و هەلاواردن پەرە پێنادەن و بەتەنها خۆشخزمەتچی بە ولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە نین، بەڵکو نەوەکانی داهاتووی ئەم کۆمەلگەیەش کە منالان و تازە لاوانن، لەلایەن ئەم دەسەلات و حزبانەوە وەکو کالای ڕەق و کائینی گوێگر و بێەش لە مافی ئینسانی تەماشا دەکەن... دەیانەوێ لە ئێستاوە کۆمەڵگەی خامۆش و گوێرایەڵ و بێ پرسیار بۆ ئایندە دروست بکەن... دەڵێن دەبێ منالان گوێرایەڵ بن، لەقسەی باوک و دایکیان دەرنەچن، تا کە گەورەش بوون یاخی لەدەسەلات و نابەرابەری نەبن و بێدەنگ بن... ئەگەر دەسەلاتی سیاسی و حزبە بۆرژوازییەکان، ڕووبەرووی دەیان سەدان ڕەخنەن کە بەرگری لە ستەمی مەوجود و تالانچی سەرمایەداری دەکەن، ئەوا وەستانەوە بەروویاندا و کۆتاییهینان بەدەسەلات وکەنار خستنیان تەنها بەو هۆیەوە کە منالان و تازە لاوان، جێگای گرنگی پێدان نین و بێ مافن، بەسە بۆ دەرخستنی ناوەرۆک و پەیامی دژی ئینسانیان.

بەکورتیەکەی مامەڵە و بەرنامەی هەر حزب و لایەنێکی سیاسی لە پەیوەند بەمنالانەوە پێوانەیە بۆ ئاشنابوون بە پەیام و کارکردی ئەو حزب و لایەنانە.

**کۆتایی ئایاری ۲۰۱۹**

**کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!**
**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ روبەروبونەوەی فکر و راکەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو رەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...بڵندکۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری راستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێک کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەک وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەک و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی...**
**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو کیروگرفتەکان و رێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بکەیەنن... ئەو راستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە رێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بکەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهڵنەکرو سەکۆی راستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**


www.bopehsawa.net / **ماڵپەری بۆپێشەوە** bopeshawa@gmail.com /

دوا لاپەڕە
ساڵی سێهەم، ژمارە (53) 1/6/2019
بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، شوان عەزیز، عەبدالرحمن ڕەسوڵ،سەردار عەبدوڵا، هیوا ساڵح، کاوان قادر، نوری بەشیر، حەکیم میرزا، ئارام حەسەن، سەردار عەبدوڵا حەمە، بێریڤان محەمەد
لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت بەبۆنەی" ڕۆژی جیهانی منالاَن"...

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

# دوای ٢٦ ساڵ بکوژی ڕەئوف ئاکرەیی ئاشکرا نەکراوە!



شەوی ٢٦ لەسەر ٢٧ی ئایاری ١٩٩٣، ڕەئوف ئاكرەیی هەڵسوڕاوی سیاسی و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری ڕۆژنامەی "ڕێگای ڕەنجدەران" لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا لەشاری دهۆک لەلایەن باندێکی چەکدارەوەو تیرۆردەکرێت...

لەو کاتەوە تائیستا کە دەکاتە ٢٦ ساڵ، هیچ کەسێک چ وەکو بریاردەو چ وەکو بکەری ئەو تاوانە دەستگیر نەکراوە... ڕەئوف ئاکرەیی کەدەکرێ بڵێن یەکەمین ڕۆژنامەنووسی تیرۆرکراوی ژێر دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و پارتییە، تا ئیستا دۆسیەکەی بەکراوەیی ماوەتەوە... ئەو دەسەڵاتە ڕەشەی بزوتنەوەی کوردایەتی کە بەردەوام لافی یاساو سەروەری یاسا لیدەدەن بە ٢٦ ساڵ نەیان توانییوە بکەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستیە بدۆزنەوە، ئەمەش ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێتەوە، کە دەسەڵات خۆی لەپشتی ئەو کردەوە تیرۆریستیانەیە، و یاساش تەنها بە بەری پاراستنی ئەو دەسەڵاتە دیزاین و دارێژراوە. بکوژی ڕۆژنامەنووسان، نەیارانی سیاسی، نادۆزرێنەوە!! کەچی فایلی ناسنامەی هەموو ڕۆژنامەنووسێکی ئازاو ئازاد، هەموو هەڵسوڕاوێکی لیبراوی نەیاری دەسەڵات... لەدەزگا سەرکوتگەرەکانیان ئامادەیە، لیدوان و نووسین و چالاکیەکانیان، تۆمارکراوە...دۆسیەی ڕەئوف ئاکرەیی و سەرجەم ڕۆژنامەنووس و هەڵسوڕوانی سیاسی تیرۆرکراو، کراوەیە... چەندە ئەم دۆسیەیە ئەستور بیت، بێگومان تورەیی و نەفرەتی بەرەی ئینسان دۆست و ئازادیخوازو گەورەتر دەبێت و کاتێک دێت، نەخشە دارێژەران و بکەرانیان لە داداگی جەماوەری داپەروەرانەدا، بەسزای یاسای و جەماوەری بگەیەنرێن...

# دوا وتە

## منالاَن و حزب و لایەنە سیاسییەکان

عەبدوڵا مەحمود



حزب و لایەن و کۆڕو کۆمەڵە سیاسیەکان هەر بەوە ناناسرێنەوە کە هەڵگری چ سیاسەتێکن و چ جۆرە ڕێکخستنێکیان هەیە. ستراتیژ و تاکتیک و دروشمی ڕۆژیان چییە، یان هەڵگری چ پرۆژەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتین. وە تەنها بەوە ناناسرێنەوە دەستیان بەکام دروشم و بانگەشەوە گرتووە، بەڵکو هاوکات کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی تر هەیە کە دەتوانێت ببێتە پێوانەی خستنە ڕووی ناسنامەی واقعی ئەو حزب ولایەنە سیاسیانە و ڕادەی پێشکەوتنخوازی یان داوکەوتووبوونیان. یەکێکیش لە خەسڵەتانە مامەڵەو بەرنامەی ئەو حزب و لایەنانەیە لە پەیوەند بە منالاَن و تازەلاوان مافەکانیان.

ئەگەر لەو سۆنگەیەوە بڕوانینە حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەگشتی و خانەوادەی بۆرژوازی کورد بەتایبەتی، ئەوا بێ دوودڵی ناوەرۆکی دواکەتووی و کۆنەپەرستبوونی ئەو حزبانە دەخاتە ڕوو.

منالاَن لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بێبەشترین توێژی زوڵملێکراو و فەرامۆشکراون... بەرنامەی هیچ کام لەو حزب و لایەنە سیاسیانەی بۆرژوازی کورد، زەمانەتیکی بۆ دابینکردنی ژیانێکی بەختەوەر و ئاسودە و وە داهێنەرانە بۆ منالاَن و تازەلاوان تیا نییە. باش بژیوی بۆ منالاَن بێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی خێزانیان نەک لەبەرچاو نەگیراوە، بەڵکو خەبەرێک لە ستانداردێکی هاوبەش و چوونیەک بۆ منالاَن بەمەبەستی گەشەی مادی و مەعنەویان لە گۆڕیدا نییە. باسێک لە خەرجی پێویست و خزمەتگوزاری پزیشکی و فێرکاری، کەلتوری خۆڕایی تا دەگایە دایەنگەی مۆدێرن و ژینگەیەکی شیاوی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی... بۆ منالاَن نییە. هێشتا کاری قورس و پیشەیی بە منالاَن و تازەلاوان واقعیەتی تاڵی حاشالێنەکراوی کۆمەڵگەیە... هێشتا ئازاردانی منالاَن لەخێزان و قوتابخانەو لە ئاستی کۆمەڵگەدا تا سزادانی جەستەیی و گوشارو ئازادانی دەرونی دیویکی تری هەلومەرجی منالاَن و تازە لاوانە. جیاکردنەوەی منالاَنی کچ و کوڕ لە قوتابخانەکان، بەدکەڵ وەرگرتنی جنسی لە منالاَن، بێبەش بوونی منالاَن لە مافە مەدەنی و سەردەمی و کۆمەڵایەتیەکان، بێبەش بوونیان لە چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان و تەنانەت ڕاکیشانی منالاَن بۆ ناو دنیای سیاسەت و کاری سەربازی، منالاَنی لە دنیای خۆیان و لە کەشێکی تەندروستی سالم دوورخستۆتەوە... ڕەوتە ئیسلامیەکان منالاَن حجاب پۆش دەکەن و بارگاویان دەکەن بە ئایدۆلۆژیایی سیاسی و دینی و مەزهەبی... منالاَنێک کە بەهەر هۆیەکەوە لەدەرەوەی خێزان چاویان بەدنیا هەڵیناوە سوکایەتیان پێدەکرێت" بە بیژو" ناوزەرد دەکرێن، لە مافی یەکسان و...

بۆ لاپەڕە ١٥

# بەرهەمی تازەی هونەرمەندی كاریكاتیریست سەردار عەبدوڵا






دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو
13/6/2019